

## مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان
## لە دیمانەیەكی تایبەتی گوڵان دا:

# بڕوای تەواومان بە سەروەریی یاسا و دامەزراوە یاسایی و دەستوورییەكان هەیە و ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت میللەتی ئێمە بەختەوەر نابێت



دوای ٧٠ خولەک لەحزووری بارزانیدا، نازانم بنووسم ئەم دیمانە تایبەتەی گوڵان لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانە، یان بنووسم دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کردووە کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە، دڵنیام بەڕێزیان ئەوەی پێخۆشترە بنووسم دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ پێشمەرگەیەک کردووە، هەر بۆیە ئێمەش وەک گۆڤاری گوڵان پرسیارەکانمان لەو خاڵەوە دەستپێکرد، ئایا بۆ سەرۆکی کوردستان هەمیشە لە کوردستان بە جلی خاکیی پێشمەرگانە و جامانەی سوورەوە دەردەکەوێت؟ بەڕێزی بۆی روونکردینەوە کە جلی خاکیی پێشمەرگانە و جامانەی سوور هێمای بەرخودانن و بەپیرۆزیان دەزانم و تا ئەو رۆژەی لە دنیادابم جلی پێشمەرگانە لەبەردەکەم، کەواتە ئێستا دیمانەی ئێمە لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگە دێرینەکانە کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە.

ئەم پێشمەرگەیە هێشتا بە تایبەتمەندی پێشمەرگە سەیری داهاتووی وڵاتەکەی دەکات، هەوڵی بۆ ئەوەیە راستگۆیی پێشمەرگە و ئامادەیی بۆ گیانفیدایی و قوربانیدانی پێشمەرگە بکاتە هەوێنی بونیادنانەوەی کوردستان و دامەزراندنەوەی دامەزراوە یاسایی و دەستوورییەکان و پیادەکردنی سەروەریی یاسا و بونیادی دەوڵەتی قانوون.

بارزانی پێشمەرگە و راستگۆ، حەزدەکات بەردەوام لەگەڵ گەلی خۆیدا بێت و لەنزیکەوە ئاگاداری گلەیی و گازندە و داواکارییەکانیان بێت، حەزدەکات هیوایەک بێت بۆ ئەو ئومێدانەی گەلەکەی کە هێشتا بەدینەهاتوون، بۆیە لەهەموو بۆنەیەکدا ئەوەی لەناخیدایە بە رۆڵەکانی گەلەکەی دەڵێت: نەتەوەی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دەوروبەری وەک فارس و تورک و عەرەب کەمتر نییە، مافی خۆیەتی خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، لەگەڵ ئەم بڕوا لەبن نەهاتووەی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلەکەی، ئەو راستییەش ناشارێتەوە بەوەی دەزانێت ئێستا واقیعی سیاسیی کوردستان لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان چۆنە، بەڵام رێنماییمان دەکات مافی چارەنووس، مافێکی شەرعی نەتەوەی کوردە و هەر دەبێت رۆژێک پشت بەخوا پێی بگات و نەتەوەی کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.

لەم دیمانەیەدا زۆر لایەنی گرنگی پرسە پێوەندیدارەکانی نەتەوەو هەرێمی کوردستانی باسکردووە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی پێشمەرگە و سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا.



## پرسە نەتەوەییەکان

**گوڵان:** سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەین، هەموو کات ئێمە دەبینین جەنابی سەرۆکی کوردستان جلی پێشمەرگانەی لەبەردایە و جامەدانی سووری لەسەردایە، بۆیە دەمانەوێت دەسپێکی ئەم دیمانەیە بەوە دەست پێبکەین، ئایا بەرگی خاکیی پێشمەرگانە و جامەدانی سوور لای جەنابی سەرۆك چ مەدلوول و مانایەکی هەیە؟

**سەرۆکی کوردستان:** پێموایە جلی پێشمەرگە زۆر زۆر پیرۆزە، من شانازی پێوە دەکەم، لەبەر ئەوەی جلی پێشمەرگەیە، هەروەها سەربەرزیشم کە بەو جلانەوە چوومەتە کۆشکی سپی و چوومەتە کۆشکی کۆماری تورکیا ئەمەش لەسەردەمی خوالێخۆشبوو (تورکۆت ئۆزاڵ) دا، بۆیە ئەم جلانە لەبەردەکەم لەبەر ئەوەی تا دەشمرم من هەر خۆم بە پێشمەرگە دەزانم، سەبارەت بە جامەدانی سووریش ئەمە چیرۆکێکی درێژە من حەزدەکەم لەم فرسەتەدا باسی بکەم بۆ ئەوەی خەڵکیش بزانن ئەو چیرۆکە چییە، کاتی خۆی لە ناوچەی بارزان مشکی هەبوو، جامەدانی زۆر کەم هەبووە، پێموابێت ئەسڵەن هەر دەرنەچووبوو،ئەوکات مشکی رەش و شین و سوور هەبوو،لە ساڵی ١٩٣١ کە حکومەتی عێراق و سوپای بەریتانیا هێرشیان هێنایە سەر بارزان، ئەوکات دوای مقاوەمەتێکی زۆر ناچاربوون ناوچەی بارزان بەجێبهێڵن و جەنابی شێخ ئەحمەد و باوکم و عەشیرەتی ئێمە هەمووی بەرەو تورکیا چوون، پاشان شێخ ئەحمەد تەسلیمی عێراق کرایەوە و ئەوانی دیکەش دوورخرانەوە، ئەوەش قۆناخ و چیرۆکێکی ترە لەو کارەساتانەی بەسەر ئێمەدا هات، بەهەرحاڵ دێمەوە سەرباسەکە، لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی جامەدانی جەنابی شێخ ئەحمەد سوور بوو، حکومەتی عێراق پێیان وابوو لە ناو بارزانییەکان ئەوەی جامەدانی سوور ببەستێت پێوەندی بە جەنابی شێخ ئەحمەدەوە هەیە و موریدی شێخە، هەربۆیە بە ئەحکامی عورفی بڕیارێکیان دەرکرد هەر کەسێك جامەدانی سووری لەسەردا بێت لەسێدارەی بدەن، یەکەمجار خەڵکەکە ئاگادار کرایەوە کە نابێت کەس جامەدانی یان (مشکی) سوور لەسەر بکات، خەڵکی بارزان تەحەدایەکی گەورەی ئەم بڕیارەیان کرد، رۆژێکیان وەك راپەرینی لێهات، لەبەرئەوەی شوانێکیان گرتبوو جامەدانی سووری لەسەر بوو بە جامەدانییەکەی خنکاندبوویان،دوای ئەمە خەڵك راپەریین و پەلاماری قائیمقامیەت و مقەڕی فەوجیان دا، حکومەتیش بۆچاو ترساندنی خەڵکەکە بەپێی ئەحکامی عورفی ١٢ کەسی هەڵبژاردەی لە بارزانییەکان ئیعدام کرد، ئیدی لەدوای ئەمە لە ناوچەی بارزان وایلێهات ئەوەی جامەدانی سووری نەبەستایە مانای وابوو تەسلیمی ئیرادەی دوژمن بووە، واتە وازی لە بیروباوەری خۆی هێناوە، هەر بۆیە جامەدانی سوور بوو بە رەمزی بەرخۆدان، بەراستیش هەقیقەتی پیرۆزی جامەدانی سوور لەوەوە هاتووە، جلی پێشمەرگە و جامەدانی سوور هێمای بەرخودانن بۆیە پیرۆزن.

**گوڵان:** هەموو خەڵکی کوردستان وای دەبینن کە ئومێدی سەرۆك مسعود بارزانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنووس بەرجەستە دەبێت و دێتەدی، لەم دیدارەدا حەز دەکەین بزانین سەرۆك بارزانی سەبارەت بە مافی چارەنووس چی دەڵێت؟

**سەرۆکی کوردستان:** پێمخۆشە بیروڕای خۆم بەراشکاوی دەرببڕم، من بەو جۆرە سەیری دەکەم کە ئێمە وەکو کورد نەتەوەیەکین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەر وەکو نەتەوەی عەرەب، فارس، تورك، مافی چارەنووسمان هەیە، بەدرێژایی

شانازی دەکەم بە جلی پێشمەرگانەوە چوومە کۆشکی سپی و کۆشکی کۆماری تورکیا

جلی پێشمەرگە و جامەدانی سوور هێمای بەرخودانن بۆیە پیرۆزن





مێژوو غەدرێکی گەورە لەکورد کراوە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، ئێمە بەزۆر دابەشکراین، بەبێ ئەوەی رای ئێمە وەربگرن، من ئیمانێکی تەواوم بە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد هەیە، بەمافێکی رەوای میللەتی کوردیشی دەزانم، بەڵام ئەو واقیعەی ئێستاش ئێمە تیایدا دەژین، من دەزانم ئەو واقیعەش چۆنە، هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەو دەرفەتە بۆ نەتەوەی کورد بێتە پێش، بۆئەوەی بڕیاری خۆی بدات و چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام ئەمە بەزۆر نابێت، بەتوندوتیژی نابێت، بەچەك و بە شەڕیش نابێت، ئەمە دەبێت بە لێکتێگەیشتن و بەخۆشی بێت، بەڵام ئەمە مافێکە دەبێت ئێمە هەمیشە داکۆکی لەسەر بکەین، کاتیشی بدەینێ، لەوانەیە نەوەی ئێمە یان نەوەکانی دوای ئێمە ئەو ئاواتە ببینن، بەڵام ئەم مافە دەبێت رۆژێك لەرۆژان ئینشائەڵلا بێتە دی.

**گوڵان:** بەڕێزت باسی ئەوەت کرد ئەم مافە بە شەڕو توندوتیژی نایەتەدی، هەروەها دەشزانین کە بەڕێزت لەگەڵ ئەوەدایت کە کێشەی کورد لە تورکیا بەئاشتی چارەسەر بکرێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا لە جەنابت بپرسین، ئایا چۆن سەیری بارودۆخی ئێستای نێوان تورکیا و پەکەکە دەکەیت؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە و دەبێت زۆر بە روونی باسی بکەم، بێگومان من لەگەڵ ئەوەم کێشەی کورد لەهەر پارچەیەك بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتیانە و بەپێی تایبەتمەندی ئەو پارچەیە چارەسەر بکرێت، ئەمە بەهەمان شێوە سەبارەت بە کوردستانی تورکیاشە،کاتێك کە حکومەتی تورکیا ئینکاری بوونی کوردی دەکرد و هیچ هەنگاوێك نەدەهاتە پێشەوە، من هیچ کاتێك نەمدەوت نابێت کورد بەرگری لەخۆی بکات، لەهەمانکاتیشدا وتم هەر کاتێك دەوڵەتی تورکیا هەنگاوێك بۆ ئاشتی هاتە پێش پێویستە کورد دوو هەنگاو بەرەو ئاشتی و ناساندنی کورد بچنە پێشەوە، قۆناخێك کە پێشتر وەك بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەسەر ئێمەدا هات، ئێمە بمانویستایەو نەمان ویستایە دەبوو چەك هەڵبگرین و بەرگری لەمان و نەمانی خۆمان بکەین، ئەو کات ئێمە ناچاربووین لەبەر ئەوەی هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نەبوو، لە هەموو لایەك پەلاماردان بوو، هەوڵدان بوو بۆ نەهێشتن و تواندنەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەك، بۆیە بمانویستایە و نەمانویستایە ئەوەی لە تواناماندا هەبووایە دەبوو چەك هەڵبگرێت و بەرگری بکات، لەبەر ئەوە من بە شتێکی رەوا دەزانی، بەڵام هەرکاتێك دەرفەتێك بێتە پێشێ و دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانە داوای ئاشتی بکات، من بەهەڵەی دەزانم ئێمە لەسەر شەڕ بەردەوام بین، بێگومان ئەمە ئێستا بارودۆخی نێوان تورکیا و پەکەکەیە، هەموو دەزانن سێ چوار ساڵ پێش ئێستا پەیوەندی نێوان ئێمە و تورکیا گەیشتە ئەو ئاستەی خەریك بوو شەڕ ببێت، لەو بارودۆخەدا من لانی کەمم دانەنا، بەڵکو تەحەددام کرد، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیا هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانە هەڵنەگرتبوو، هەروەها تەنانەت ئامادە نەبوو ناوی کوردیش بێنێت، هەر بۆیە من ئامادەبووم تەحەمولی هەموو ئاکامێك بکەم و لەسەر هەڵوێستی خۆشم سووربووم، بەڵام ئێستا کە حکومەتی تورکیا هاتۆتە پێشەوە و دەڵێت کورد هەیە و کێشەی کورد هەیە و دەبێت بەئاشتی چارەسەر بکرێت، من پێموانییە ئێستا تۆ شەڕ بکەیت، من ئەمەم زۆر راشکاوانە وتووە دەشیڵێم و پەکەکەش زۆر چاك رای من دەزانێت، من ئێستا ناتوانم بڵێم دەوڵەتی تورکیا هەموو شتێکی تەواو کردووە ئەوەندە هاتۆتە پێش کە شتی

**بەدرێژایی مێژوو غەدرێکی گەورە لەکورد کراوە، بەزۆر دابەشکراین بەبێ ئەوەی رای ئێمە وەربگرن**

**ئیمانێکی تەواوم بە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد هەیە، بەمافێکی رەوای میللەتی کوردیشی دەزانم**



لەگەڵ ئەوەم
کێشەی کورد
لەهەر پارچەیەک
بەشێوەیەکی
ئاشتی و
دیموکراتیانە و
بەپێی تایبەتمەندی
ئەو پارچەیە
چارەسەر بکرێت

لەگەڵ مافەکانی
میللەتی کوردم، من
بە گەرمی پشتگیری
ئەو هەنگاوانەی
حکومەتی تورکیا
دەکەم کە سەبارەت
بە ناساندنی کورد
و دانان بەوەی
کێشەی کورد
هەیە و دەبێت
بەشێوەیەکی
ئاشتیانە
چارەسەربکرێت

زۆر گەورەی کردووە، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوە بزانین لە تورکیا چ فەرهەنگێك حکومڕانی کردووە، هەر ناوهێنانی کورد لە لایەن سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەناو ئەو فەرهەنگی حکومڕانییەی لەتورکیادا هەبووە، من بەشتێکی گەورەی دەزانم، دەکرێت لەسەر ئەم هەنگاوەی ئێستای حکومەتی تورکیا شتی لەسەر بونیاد بنرێت، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە تا ئەگەر پەکەکە ئەو هەنگاوانەی ئێستای حکومەتی تورکیای بەدڵ نییە، بەڵام شەڕ بۆ؟ ئایا کوشتنی دوو سەرباز و پێنج سەرباز لەو لاو، کوشتنی چەند گەنجێکی کورد لەم لا، ئایا مەسەلەکە بەرەو کوێ دەبات؟ هەربۆیە من ئێستاش دەڵێم، من لەگەڵ مافەکانی میللەتی کوردم، من بە گەرمی پشتگیری ئەو هەنگاوانەی حکومەتی تورکیا دەکەم کە سەبارەت بە ناساندنی کورد و دانان بەوەی کێشەی کورد هەیە و دەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت، ئەمە بۆ تورکیا بەزۆر دەزانم، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەمە مانای ئەوە نییە حکومەتی تورکیا هەموو شتێکی بۆ کورد کردبێت یان هەموو مافی میللەتی کوردی دابێت، بەڵام هەنگاوی یەکەمە لەسەر ڕێگای ڕاست، لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکرد، قەناعەتی من بەو جۆرەیە دەبێت شەڕ بووەستێت، پەکەکەش وەڵامدانەوەی هەبێت، تا ئەگەر لێکتێنەگەیشتن هەبێت و تەفاهومیش نەکرێت، با شەڕ نەکرێت، دووبارەی دەکەمەوە و پێشتریش ئەمەمان بەلایەنی تورکی ووتووە، ئەم مەسەلەیە بە خوێنڕشتن و شەڕ چارەسەر نابێت، بۆیە دەبێت پشتگیری هەنگاوەکانی ئاشتی بکەین، خەڵکی دیکە پێیان خۆش بێت یان پێیان ناخۆش بێت، ئەمە قەناعەتی منە، لەبەر ئەوەی پێموایە دەکرێت لەسەر ئەو هەنگاوانە شتی دیکە بونیاد بنرێت و کورد و حکومەتی تورکیا بگەنە تەفاهومێکی باش.

**گوڵان:** بەڵام وەك لەسەردانی جەنابت بۆ تورکیا بینیمان، ئەو ڕۆژە پەکەکە شەڕی دەستپێکردەوە، کە بەڕێزتان لە تورکیا بوون، ئایا بۆ جەنابت ئەو ڕووداوە چۆن بوو؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەڕاستی ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو، لانی کەم نەدەبوو پەکەکە لەو ماوەیەی من لە تورکیابووم شەڕ دەست پێبکاتەوە، بۆیە من ئەو هەنگاوەی پەکەکە بە کارێکی نابەرپرسیارانە لە قەڵەم دەدەم و بەڕاستیش نیگەرانی کردم، جارێکی تریش داوا لە پەکەکە دەکەم شەڕ بووەستێنن، تا ئەگەر یەکلایەنە بێت و ئەوە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە، ئەگەر پەکەکە شەڕی پێڕاستە خۆی تەحەمولی مەسئولییەتی بڕیاری خۆی دەکات، بەڵام دەبێت گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکات.

## باری ناوخۆی هەرێمی کوردستان

**گوڵان:** لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، هەست دەکەین بونیادی دەوڵەتی قانوون و دامەزراوەیی دەستووریی ئومێدی سەرۆکی کوردستانە، بەڕێزت لەساڵی ١٩٩١ وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی بە خەڵکی کوردستانت ڕاگەیاند، ئێمە وەك بەرەی کوردستانی دەوڵەتی قانوون دادەمەزرێنین، ئێمە ئەمە بە ئومێدێکی سەرۆکی کوردستان دەزانین و هەست دەکەین هەنگاوەکانی بەڕێزت بۆ بونیادنەوەی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئاستی دامەزراوەیی دەوڵەت و پێکهێنانی دەوڵەتی قانوون، پرسیاری ئێمە لە جەنابت ئەوەیە ئایا سەرۆکی کوردستان چۆن ئەم ئومێدەی خۆی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان ڕووندەکاتەوە ؟ ئایا جەنابی سەرۆك تاچەند خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە، دەبێت دەوڵەتی قانوون ئامانجی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بێت؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئێمە هەموو خەبات و تێکۆشانمان بۆ ئەوە بووە کە میللەتی ئێمە ڕزگاری بێت و ژیانێکی بەختەوەری بۆ دابین بکرێت، ژیانی بەختەوەریش پێش هەمووشتێك دەبێت بەیاسا ڕێکبخرێت، بۆ ئەوەی خەڵك ئەرك و مافی خۆی بزانێت، هەروەها ئێمە ناتوانین بڵێین میللەتی ئێمە بەختەوەر دەبێت ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت، بۆیە ئێمە بڕوایەکی تەواومان بەسەروەریی یاسا و دامەزراندنی دامەزراوە یاسایی و دەستوورییەکانی دەوڵەت هەیە، هەموو هەوڵی ئێمەش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بووە، لێرەدا من ناتوانم بڵێم لەسەدا سەد سەرکەتوو بووین، بەڵام هەنگاوی باشمان بڕیوە و سەرکەوتنی باشیشمان بەدەست هێناوە، بەڕاستی ئەمەش کارێکە بەیەك کەس و بەیەك لایەن ناکرێت،دەبێت هەموو خەڵك بڕوای پێبێت،هەموو هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوە دەستوورییەکان دابمەزرێن، بۆ ئەوەی دەرفەتی کار و پێشکەوتن بۆ هەر تاکێکی کوردستان فەراهەم بکرێت، هەمووان یەکسان بن بەرامبەر بەیاسا، من وای دەبینم ئەگەر بگەینە ئەم ئاستە ئەوە ئاستێکی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان دابین دەکات، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بڕوامان بە دەوڵەتی یاسا هەبووە و قەناعەتمان پێی بووە، بۆیە هەوڵمان بۆ داوە و لەسەر ئەو هەوڵانە بەردەوامیش دەبین، دەبێت بە وێژدانەوە تەماشای ڕابردوو بکەین لە کوێ بووین و ئێستا لە کوێین، ئایا ئەمە هەروا هاتۆتە دەست؟

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان، دوای هەڵبژاردنتان لەلایەن گەلی کوردستانەوە لە هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ساڵی ڕابردوو، بەرنامەتان بەو جۆرە بوو سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بکەن و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان کۆببنەوە، ئەوەی ئێمە ئاگادارین بەڕێزتان سەردانی چەند ناوچەیەکتان کرد، وەك ناوچەی سۆران و ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی سەردانی بەڕێزت بۆ ئەمەریکا و دواتریش بۆ سعودیە و لوبنان وسەردانەکانی ئەم دواییەی بەڕێزیشتان بۆ تورکیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەردەن و میسر، ئەم بەرنامەیەی جەنابتی

**هەر کاتێك دەوڵەتی تورکیا هەنگاوێك بۆ ئاشتی هاتە پێش پێویستە کورد دوو هەنگاو بەرەو ئاشتی و ناساندنی کورد بچنە پێشەوە**

**دووبارەی دەکەمەوە و پێشتریش ئەمەمان بەلایەنی تورکی وتووە، ئەم مەسەلەیە بە خوێنڕشتن و شەڕ چارەسەر نابێت، بۆیە دەبێت پشتگیری هەنگاوەکانی ئاشتی بکەین، خەڵکی دیکە پێیان خۆش بێت یان پێیان ناخۆش بێت**



**من بەنیاز بووم سەردانی گەرمیان بکەم، بەڵام من نەمویست بچم قسەی خۆشیان بۆ بکەم، من ویستم کاتێک بچم کە شتێکی وا بەدەستەوە بێت بتوانین هەندێک خزمەتگوزاریی ئەوتۆیان پێشکەش بکەین، کەمێک لە ئێش و ئازاری ئەوان کەمبکاتەوە**

دواخست، بۆیە حەزدەکەین لە جەنابت بپرسین ئایا بەنیازن ئەو بەرنامەیە دووبارە دەست پێبکەنەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** بێگومان ئەوە بەرنامەیەکە دامانرشتووەو بەردەوام دەبێت، ئینشائەڵڵا ماوەیەکی دیکە دەستی پێدەکەمەوە، راستە لەبەر ئەو سەردانانەی دەرەوە ناچاربووین ئەو بەرنامەیە رابگرین، بەڵام پشت بەخوا لە ئایندەیەکی نزیك دەستی پێدەکەمەوەو سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستانیش دەکەم.

خەڵکەکەش دەبینم وەهەرهیچ نەبێت بۆ ئەوەی بزانم گیروگرفتەکانیان چۆنن و چین، بزانم ئەو خەڵکە دەیانەوێت چییان بۆ بکەین، پێشنیاری چیمان بۆ دەکەن،یان ئایا چ گلەیی و گازندەیەکیان هەیە، لێرەدا دەمەوێت راشکاوانە ئەوە بڵێم من بەو سەردانانەی پێشتر ئەنجاممدا زۆر خۆشحاڵ بووم، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە خەڵکێکی زۆر نیشتمانپەروەر و قانعیشن، بەراستی ئەوە زۆر دڵی خۆشکردم و تەئکید دەکەمەوە بەرنامەکە بەردەوامە.

**گوڵان:** ئەگەر ئەم بەرنامەیەتان دەستپێکردەوە، ئایا ئەو ناوچانەی لە ئەولەویەتی بەرنامەی سەردانی بەڕێزتان دەبن، چ ناوچەیەك دەبن؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەرنامەکەم بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستانە، واتە ناوچەکانی گەرمیان، سلێمانی، دهۆك، ئەو ناوچانەی لەهەولێر ماون تەواویان دەکەم، ئینشائەڵڵا سەردانی هەندێك لە ناوچە دابڕاوەکانیش دەکەم.

**گوڵان:** هەست دەکەین سەرۆکی کوردستان سۆزێکی تایبەتی بۆ ناوچەی گەرمیان هەیە، دەتوانم لە جەنابت بپرسم ئەم سۆزەی جەنابت بۆ گەرمیان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

**سەرۆکی کوردستان:** هەموو ناوچەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان لای من خۆشەویستن، بەڵام گەرمیان من دەزانم لەشۆرشی ئەیلولیشدا خەڵکێکی زۆر شۆڕشگێر و تێکۆشەر بوون، پێشمەرگەی زۆر قارەمان لەو ناوچەیە هەڵکەوتن، بەرخودانێکی گەورەیان لەشۆڕشی ئەیلولدا هەبوو، بێگومان لە ئەنفالیش زەرەروزیانێکی هێجگار زۆر بەر ئەوان کەوت، هەندێك گوندیان هەر بەتەواوەتی ئیبادە بوون، هەندێك خانەوادەیان هەن هەر هەموویان تەواو بوون و کەسیان نەماوە، ئەمە وایکردووە مرۆڤ جەرگی بۆیان بسووتێت، من بەنیاز بووم سەردانی گەرمیان بکەم، بەڵام من نەمویست بچم قسەی خۆشیان بۆ بکەم، من ویستم کاتێك بچم کە شتێکی وا بەدەستەوە بێت بتوانین هەندێك خزمەتگوزاریی ئەوتۆیان پێشکەش بکەین، کەمێك لە ئێش و ئازاری ئەوان کەمبکاتەوە، بەڵام کاتێك ئیمکانییەت هاتە دەست بۆ ئەوەی سەردانیان بکەم، کەوتە کاتی هەڵبژاردن، وتم ئەگەر ئێستا بچم رەنگە خۆیان و خەڵکی تریش بڵێن ئەوە بۆ هەڵبژاردنە بۆیە دوام خست، دوای هەڵبژاردنیش ویستم دەستی پێبکەمەوە ئەو سەردانانە هاتنە پێشەوە.

**گوڵان:** واتە جەنابت کە ئەمجارە سەردانی گەرمیان بکەیت بەدەستی پڕەوە دەچیت؟

**جارێکی تریش داوا لە پەکەکە دەکەم شەڕ بووەستێنن، تا ئەگەر یەکلایەنە بێت و ئەوەش لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە**



دەبێت ئەو لێكدووریەی نێوان جەماوەرو حكومەت نەمێنێت، من پێموایە كەلێنی گەورە ئەمەیە، دەبێت ئەمە نەمێنێت و هەمیشە لەناو جەماوەر بین

هەر لەسەرەتاوە بڕوامان بە دەوڵەتی یاسا هەبووە و قەناعەتمان پێی بووە

**سەرۆكی كوردستان:** پێش ئەوەی ئەم سەفەرە بكەین، ئێمە بەرنامەی ئەوەمان داناوە بەدەستی پڕەوە ئینشائەڵا سەردانیان بكەین، كاتی خۆی كە نەمتوانی سەردانی ئەو ناوچەیە بكەم داوام لە نێچیرڤان كرد كە ئەو كات سەرۆك وەزیران بوو بچێت، مەبلەغی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخانكرابوو بۆ ئاوەدانكردنەوە و خزمەتگوزارییە پێویستەكان لە گەرمیان، بۆیە دەچم بزانم ئەو پرۆژانە و كابینەی شەشەمیش بەڵێنی داوە چەند پرۆژە جێبەجێ بكات، ئەوجا بۆ ئەوەی بزانین ئەوپرۆژانەی كابینەی پێنجەم و كابینەی شەشەم چەندیان لێ جێبەجێكراوەو چەندی ماوە بۆ ئەوەی هەمووی جێبەجێ بكەین.

**گوڵان:** ئەمە واتە ئەوەی جەنابت بۆ گەرمیانی دەكەیت لە دەرەوەی ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەی پێشوو دەبێت؟

**سەرۆكی كوردستان:** وەڵاهی هەمووی یەكە، بەڵام دەچم بزانم ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە چی پێكراوەو چییان بۆكراوە، ئەوەی منیش پێمدەكرێت و بۆیان دەكەم.

**گوڵان:** ئێمە وەك سەرنج دەدەین، هەست دەكەین كاتێك جەنابت راستەوخۆ لەگەڵ چین و توێژەكانی گەلی كوردستان كۆدەبیتەوە، دەبینن داواكارییەكانی هاووڵاتیان بە ماقووڵ و قابیلی جێبەجێكردن دەزانیت، هەر بۆ نموونە ئەو داواكارییانەی لەساڵی ٢٠٠٩ لە هەردوو ناوچەی سۆران و رانیەو قەلادزێ لەلایەن هاووڵاتیانەوە بە جەنابت راگەیەنرا، بەڕێزت بڕیارتدا هەموویان بۆ جێبەجێ بكرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە لە نێوان هاووڵاتیان و حكومەت بۆشاییەك هەیە و كە جەنابت ئەو بۆشاییە پردەكەیتەوە لێكتێگەیشتنێكی تەواو لە نێوان هاووڵاتیان و دامودەزگا حكومیەكاندا هەیە؟

**سەرۆكی كوردستان:** بەداخەوە تۆزێك ئەو لێكدوورییە هەیە، دەبێت ئەو لێكدووریەی نێوان جەماوەرو حكومەت نەمێنێت، من پێموایە كەلێنی گەورە ئەمەیە، دەبێت ئەمە نەمێنێت و هەمیشە لەناو جەماوەر بین، دووبارەی دەكەمەوە ئەوەی من لە خەڵكی خۆمانم بینی لەمیانەی سەردانەكانمدا، بەراستی خەڵكی ئێمە خەڵكێكی قانیعن و داواكارییەكانیشیان، داواكارییەكی زۆر زۆر رەوان، كەمیش بوو، ئێوە دەزانن وڵاتی ئێمە وڵاتێكی وێرانكراو بووەو خەڵكی ئێمە چەندین ساڵە هەموو ئێش و ئازارێكی چەشتووە، بەڵام لێرەدا دووجۆر هاوكاریكردنی خەڵك هەیە، هاوكارییەك هەیە ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەیە كە هەموو خەڵكەكە سوودی لێ دەبینن، پێموایە ئەمجۆرە هاوكارییە بە ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەو بۆ سوودی گشتی ئەمەیان باشترین رێگەیە،ئەوی دیكە دەبێت ئێمە هەلی كاركردن بۆ ئەو خەڵكە پەیدا بكەین، هەندێكی دیكەش پرۆژەی بچووكە ژمارەیەكی كەمتر خەڵك لێی سوودمەند دەبێت بۆ نموونە گوندێك یان دوو گوند لێی سوودمەند دەبێت، ئێمە دەبێت هەردوولا لەبەر چاوبگرین و لەهەردوولا (واتە پرۆژەی گەورەو بچووك) دەست

**لە ئایندەیەکی نزیک دەست بەسەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکەم**

بەکاربین، راســتە هەندێــك كەس هەن زەحمەتــی زۆری بینیوە یان خانەوادەی شــەهیدە، دەبێت ئەمانە حسابێکیان بۆ بکرێت، بــەڵام ئەوە هەڵەیە تۆ بێیت لە گوندێك یان لە شــوێنێك چەند کەسێك هەڵبژێریــت یارمەتی بدرێت و خەڵکی دیکە پشــتگوێ بخرێــت، من پێمولیە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیەو من خۆم ئەوە ناکەم، جەخت لەسەر ئەوە دەکەم پرۆژەی گــەورە جێبەجــێ بکرێت بــۆ ئەوەی خەڵکەکە هەمووی لێی سوودمەند بن، هەروەهــا هەندێك پرۆژەی بچووکتر کە رەنگە چەند گوندێك لێی ســوودمەند بن، لەگــەڵ لەبەرچاوگرتنی هەندێك حاڵەتــی تایبەتی بۆ هەندێك كەس کە زۆر قوربانــی داوەو زیانی لێکەوتووە، بەڵام هاریکاریکردن بەشێوەی تاك تاك پێمولیە ئەوە شتێکی هەڵەیە.

**گوڵان:** بەرێزت راشــکاوانە ئاماژەت بەوەکرد، بەوەی فیعلەن بۆشاییەك هەیە لەنێــوان جەماوەر و حکومەت، هەروەها ئاماژەشتان بەوەکرد دەبێت ئەو بۆشاییە پڕبکرێتــەوە، ئایا بەرنامــەی جەنابت لەمبارەوە چییە؟

**سەرۆکی کوردستان:** دەبێت لە خۆمەوە دەست پێبکەم، من خۆم بەردەوام دەچمە ناو خەڵــك و رۆژانەش خەڵکێکی زۆر دەبینــم، بەڵام ئەوە نییــە هەمووی لە تەلەفزیــۆن پیشــانبدرێت، حەزناکەم بینینی خەڵك بۆ پروپاگەندە بەکاربهێنم و ئەمە مەسەلەیەکە ئەرکی سەرشانی منە خەڵك ببینم، وەزیرەکان و بەرپرســە حکومیەکان هەریەکەیان بەپێی پسپۆری و تایبەتمەنــدی خۆی دەبێت بچنە ناو خەڵك و لەنزیکەوە ئاگاداری گلەیی و گازندەی خەڵکی بن و بەبەردەوامی لەناو خەڵك بن، من وای دەبینم بەم هەنگاوانە دەتوانین ئــەم کەلێنە پڕبکەینەوەو نابێ ئێمە ببینە حکومەتێکی بیروکراتی.

**گــوڵان:** لایەنێکــی دیکــە کــە دەمانەوێــت لــە جەنابــت بپرســین مەســەلەی بەدامەزراوەیکردنی هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردســتانە، لەبەر ئەوەی ســەرۆکی هەڵبژێردراوی گەل لە سیستمی دیموکراتیدا بەرێگەی دامەزراوە دەوڵەتییــەکان بەرنامەکەی خــۆی جێبەجــێ دەکات، ئێمــە وەك هاووڵاتیانی کوردستان بەرنامەی تۆمان گوێ لێبووە و خوێندومانەتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەو بەرنامە نیشتمانی و نەتەوەییەی بەرێزتان پێشکەشی خەڵکی کوردســتانتان کــردووە، تاچەند دەبێتە فاکتەرێــك بــۆ بەدامەزراوەیی کردنی هەرێم و تاچەند رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان بەشداری لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات و هاوکاری ســەرۆکی خۆیان بن بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنن؟

**سەرۆکی کوردستان:** هەموو بەرنامەیەك پاش دیراسەتکردنێکی زۆر دادەڕێژرێت، ئەو بەرنامەی ئێمە پێشکەشمان کردووە زۆر بەجیــددی هەوڵــی بــۆ دەدەین جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەم جێبەجێکردنە هــاوکاری هەمــوو هاووڵاتیانــی کوردستانی پێویســتە، ناتوانم بڵێم ئەو بەرنامەیەی پێشکەشمانکردووە هەمووی جێبەجــێ کــراوە، بــەڵام دەتوانم بڵێم بەشێکی جێبەجێکراوە و هەندێکی ماوە، واتە ئەمە بەرنامەیەکە و پرۆســەیەکی بەردەوامە و ناتوانین بڵێین ئەم بەرنامەیە بە ٢-٦ مانگ جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئێمە بەردەوامیــن و بەردەوامیش دەبین بۆ ئــەوەی ئەم وڵاتــە بکەینە وڵاتی دامەزراوەیی دەستووری.

**گوڵان:** هەرێمی کوردستان بە قۆناخی ئینتیقالیدا تێدەپەڕێــت، لەم قۆناخەدا هەمــوو ئــەو ســەرکردانەی نەتەوەی خۆیــان بونیادناوەتــەوە بەرێگــەی دامــەزراوەکان، دووچــاری دیاردەی گەندەڵــی بوونەتــەوە، ئەمــەش واتە بەپێی مێژووی بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای شەڕ، هیچ کۆمەڵگەیەك نەبووە رووبەرووی پەتای گەندەڵی نەبووبێتەوە، بەڵام ئەو ســەرۆکانەی لە پرۆســەی بونیادنانەوەی نەتەوە ســەرکەتوو بوون، ئەو ســەرۆکانەن کە توانیان سنوورێك بۆ دیاردەی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دابنێن، پرســیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ســەرۆکی کوردستان بەرنامەی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی چییە؟

**ســەرۆکی کوردســتان:** من زۆر زۆر دژی دیاردەی گەندەڵیم، زۆر شانازی بەوەش دەکەم ئەگــەر بتوانم گەندەڵی نەهێڵم، بەڵام نەك هەر لەکوردستان، لە هەموو وڵاتێکدا ئــەوە هەیە، من داوام لە حکومــەت و لەوەزیرەکانیش کردووە پێموتــوون دەبێت ئێوە یاســا جێبەجێ بکەن، گوێنەدەنە هیچ کەسێك کە بێت دەســت لەکاروباری ئێوە وەربدات، داوام لە حزبەکان کردووە پشتگیری حکومەت بکەن، داوا لەهەموو کەســێکیش دەکەم یارمەتــی ئێمە بدات، ئەگــەر بینی لە هەرشــوێنێك گەندەڵــی هەیە، یان بەرپرســێك لەیاســا لایداوە، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاســایی دژی هەرکەسێك بگیرێتە بەر کە لەیاسا لایداوە، من هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەم کە هەســتێت بەوەی چاکسازییەکی ئەوتۆ بکات کە وەڵامدەرەوە بێت بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی لە بیری خەڵکدایە.

**زۆر زۆر دژی دیاردەی گەندەڵیم، زۆر شانازی بەوەش دەکەم ئەگەر بتوانم گەندەڵی نەهێڵم**

**گوڵان:** ئایــا بەرێزتان لەم بەرنامەیەدا پێویســتان بەپسپۆڕ و راوێژکاری بیانی نابێت؟

**ســەرۆکی کوردســتان:** لەو بوارانەی پێویستمان پێیانە، سوودمان لێوەرگرتوون، بــەڵام مــن پێمولیە لە کوردســتانیش خەڵکێکی شــارەزای زۆر لــەو بوارەدا هەیە.

**گــوڵان:** ئــەوەی ئێســتا لەنــاو رۆژنامەنووسان و رۆشــنبیراندا باسی دەکرێــت مەســەلەی ئازادییەکانــە، ئەوەشــی لە واقیعی کوردستان دەیبینین ئەوەیە، هەمــوو کەس ئــازادە لەوەی خواســتی بێت بیڵێت یان بینووســێت، هەروەها رۆژانــە هەموو بڵاوکراوەکانی کوردســتان لە بازاڕەکانی کوردستان بە ئازادی دەفرۆشــرێن و دەگاتە دەســت هەموو کەسێك، لەبەرامبەردا گوێبیستی ئەوەش دەبین کە لەهەرێمی کوردستاندا ســنوور بۆ ئازادی دادەنرێت و ئازادی رادەربرین ســنووردار دەکرێت، ئێمە ئەم مەســەلەیە بەوجــۆرە دەبینین خەڵکی کوردســتان بۆ ماوەیەکــی زۆر لەژێر دەســەڵاتی رژێمەکانی عێراقدا هەموو ئازادییەکی لێ زەوتکراوە، بۆیە ئێستا کە

دەبینیت خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆیانن، بۆیە هەموو شـــتێك بە مافی خۆیان دەزانن و دەیانەوێت یاســـایەکیش نەبێـــت ئازادییـــەکان ڕێکبخات، ئەمە لەزۆر وڵاتی دیکەش بەو شێوەیە بووە، بەڵام هەوڵێك هەبووە بۆ ڕێکخســـتنی ئازادییەکان، پرسیاری ئێمە لە سەرۆکی کوردســـتان ئەوەیە، ئایا لە کوردســـتان ئازادی ســـنووردار کراوە یان هەوڵەکان بۆ ڕێکخســـتنی ئازادییەکان هێشـــتا تەواو نەبوون؟ ئایـــا بەرنامەی جەنابت لەم ڕووەوە بۆ ڕێکخستنی ئازادییەکان و سەروەری یاسایە چۆنە؟

**سەرۆکی کوردســـتان:** خەباتی ئێمە بۆ ئەوە بووە، بۆئەوەی میللەتی ئێمە ئازاد بێت، هەروەها من شـــانازی بەوە دەکەم ئەگەر توانیبێتمان ڕۆڵێکمان هەبووبێت لە بەدیهێنانی ئازادی لەوڵاتی خۆماندا و خەڵکـــی ئێمە ئەمڕۆ بەســـەربەرزی و بـــە ئازادی لە وڵاتـــی خۆیدا بژی، بەڵام بەداخەوە منیش هەندێك جار ئەو نووسینانە دەبینم کە گلەیی لەوە دەکەن ئـــازادی نییە، بەراســـتی من تێناگەم مەبەســـت لە ئازادی چییـــە؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە نەمێنێت، خۆ ئەم دەسەڵاتە خۆی فەرز نەکردووە، بەهەڵبژاردن هاتووەو موعارەزەش هەیە، ســـێ چوار ســـاڵی دیکـــە هەڵبژاردن دووبارە دەبێتـــەوە، ئەگەر خەڵك دەنگی بەم دەســـەڵاتە دایەوە، مانـــای ئەوەیە زۆرینـــەی خەڵك لەگەڵ سیاســـەت و بەرنامـــەی کاری ئـــەم دەســـەڵاتەیە، ئەگەر دەنگیشـــی پێنەدایەوەو دەنگی بەهەر یەکێکی دیکـــەدا، ئەو دەتوانێت جێگەی بگرێتـــەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر دەیانەوێت جێگەی دەســـەڵات بگرنەوە، ئەوا ئـــەم جێگرتنەوەیە بە پیلان نابێت، بەڵکو لەڕێی هەڵبژاردن و ســـندووقی دەنگدانـــەوە دەبێت و ئەو دەرفەتەش بۆ هەموو لایەك ڕەخساوە.

ئەگەر مەبەســـت دەربڕینـــی بیروای ئازادە لـــە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان، بۆ چ ماوەتـــەوە تا نەیڵێـــن؟؟ ئەو هەموو هۆیـــەی ڕاگەیاندن کە لە کوردســـتان هەیە، ئەوەی دڵی بخوازێت دەینووسێت



**خەڵکی ئێمە خەڵکێکی قانیعن و داواکارییەکانیشیان، داواکارییەکی زۆر زۆر ڕەوان**

**ڕۆژنامەنووس لەسەرووی یاسا نییە، دەبێت سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، هەروەها دەبێت پەرلەمان ڕۆڵی خۆی ببینێت، ڕۆژنامەنووسان دەبێت هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن**



**چاوی ئەو کەسە ماچ دەکەم پێشنیارێکی وامان بۆ بێنێت، یان بە راستگۆیی گەندەڵییەکی وامان بۆ ئاشکرا بکات**

**وەک من دەیبینم دوو هەفتەی دیکەش هیچ ناکرێت، رۆژ بەرۆژیش باردۆخە ئاڵۆزتر دەبێت، گرفتەکە ئەوەیە ئەو برایانەی بەغدا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کێشەکە چارەسەر بکەن**


و دەیڵێت. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە،ئایا ئازادی سـنووری نییە؟ خۆ ئازادیش دەبێت بە یاسـا رێکبخرێت، ئازادی تا ئەو ئاسـتەیە کە ئازادی خەڵکی دیکە پێشێل نەکەیت، ئێستا کەسانێك هەن لەوە تێپەڕیون، مافی خەڵك پێشـێل دەکەن، بوختان دەکەن، تەعـدا دەکەن، لەگەڵ ئەمانـەش کەس هیچیان پێناڵێت، بۆیە من پێموایە پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە هەیـە، دەبێـت هەموو لایـەك بۆ ئەم مەسـەلەیە بەخۆیـدا بچێتـەوە، ئێمە دەبێـت لەکوردسـتاندا کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت، شکاندن و بوختان و جنێودان ئەمە شتێکی جوان نییە، کورد بەوە ناسـراوە میللەتێکی بە ئەخلاقە، هەر ئەو ئەخلاقە بوو کورد توانی وەکو چەکێـك دژی هەمـوو دوژمنەکانی بەکاری بهێنێت،بەراسـتی ئێسـتا من زۆر زۆر نیگەرانم کـە دەبینم خەریکە فەرهەنگێك دروست دەبێت کە زۆر دوورە لە رەوشـت و دابونەریتی کوردەواری، لێرەدا حەزدەکەم ئاماژەش بە مەسەلەی رۆژنامەنـووس و رۆژنامەوانیش بکەم، لەم پرسەدا پرسـیاری ئێمەش ئەوەیە، کێ رۆژنامەنووسـە؟ چۆن پێناسەی رۆژنامەنـووس دەکرێـت؟ ئایـا هەر کەسـێك هەسـتاو شـتێکی نووسی دەبێتە رۆژنامەنـووس؟ رۆژنامەنووس لەسەرووی یاسا نییە، دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسـانیش لـەم رووەوە رۆڵی خۆی ببینێت، هەروەها دەبێت پەرلەمان رۆڵی خۆی ببینێت، رۆژنامەنووسـان دەبێت هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، بۆیە نابێت لـە دابونەریتی کوردەواری لابدرێـت و نابێت فەرهەنگێکی وا بێتە ناو خەڵکی کوردستان کە سەرەنجام کەس متمانەی بەوی دیکە نەبێت و کەس رێزی کەس نەگرێت، کەس خۆی بە بەرپرس نەزانێت، یان وەفـای نەمێنێت بۆ ئەم وڵاتە، ئەمە شـتێکی زۆر مەترسیدارەو دەبێت چارەسـەر بکرێـت، ئومێدەوارم هەمولایەك هەسـت بە بەرپرسیاریەتی بکەن و دەبێت هەموو مەسەلەیەکیش بە یاسا چارەسەر بکرێت.

**گوڵان:** ئایا پێتوانییە ئەگەر رۆشنبیران بۆ خۆیان کۆببنـەوە و میکانزمێك بۆ چارەسـەرکردنی ئەم بارودۆخە دابنێن باشترە؟

**سـەرۆکی کوردسـتان:** من پێم باشە، بەڵام هەمـوو لایـەك رۆشـنبیران، پیاوانی ئایینـی، رۆژنامەنووسـان، سیاسـەتمەداران، دەبێت هەموو پێکەوە دابنیشـن و وتوێژو گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن سیستەمێك دابنێت لەگەڵ دابونەریتی ئەم میللەتە بگونجێت، ئەو ئەخلاق و رەوشـتە بـەرزەی کورد پێی ناسراوە لەدەستی نەدەین.

**گـوڵان:** سـەبارەت بـە یاسـای رۆژنامەنووسـی لەکوردسـتاندا، ئەم یاسـایە لەلایەن جەنابت پەسەندکراوە، بەڵام ئێسـتا دوای ئـەوەی ماوەیەکە بەو یاسـایە کاردەکرێت هەست دەکەین پێویسـتی بە جۆرێك لەدەسکاریکردن یان هەموارکردن هەیە، پێویسـتمان بەوە هەیە کاری رۆژنامەگەری لەکوردستان رێکبخرێتەوە، ئایا جەنابت سـەبارەت بە یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان چی دەڵێن؟

**سـەرۆکی کوردسـتان:** یەکەمجار ئەو



ئێمە بەردەوامین و بەردەوامیش دەبین بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بکەینە وڵاتی دامەزراوەیی دەستووری

یاسایەیان بۆ من هێنا، من ناردمەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی یاساکە بەوجۆرە بێت کە ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێت و پێی ڕازیبن و دڵیان پێی خۆش بێت، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان بێوەفاییان بەرامبەر یاساکە کرد، واتە خراپ سوودیان لە یاساکە وەرگرت و هەموو سنوورێکیان بەزاند، بۆیە ئەمە دەمێنێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی چاوی پێدابخشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێت هەموو ئازادییەکان بەپێی یاسا ڕێکبخرێنەوە، لەبەر ئەوەی ئازادی بێ سنوور نییە.

**گوڵان:** واتە جەنابت داوا لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران دەکەی بەراستگۆیی ڕەخنەی خۆیان بگرن؟

**سەرۆکی کوردستان:** من زۆر زۆر مەمنونی ئەو ڕۆژنامەنووسەم یان ئەو تەلەفزیۆنەی یان ئەو کەسەی هەقیقەت بڵێت، ئەو ڕەخنەیەی دەیگرێت بۆ چاکسازی و بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەی بێت، چاوی ئەو کەسە ماچ دەکەم پێشنیارێکی وامان بۆ بێنێت، یان گەندەڵییەکی وامان بۆ ئاشکرا بکات، بەڵام کە بوو بە بوختان و ڕەش و سپی تێکەڵکراو هەمووی بەڕەش پیشاندرا،بەراستی نەدەتوانی نرخێکی بۆدابنێیت و نە گوێشی لێبگریت، لەبەرئەوەی بارودۆخەکە بەو جۆرەیە دەسکەوتی زۆر گەورە بەدەست هاتوون، بارودۆخی ئێستا بە ئاسانی دروست نەبووە، قوربانییەکی زۆری بۆ دراوە، زەحمەتییەکی زۆری بۆ کێشراوە، بەڵام ئێستا یەکێك بێت بەمن بڵێت هیچ گیروگرفت نییە و هەموو شتێك تەواوە، من دەزانم کە ڕاست نییە، بەڵام لەبەرامبەردا یەکێك بڵێت هەموو شت خراپە و هیچ نەکراوە هەمووی گەندەڵیە، ئەمەش موبالەغەیەکی زۆرە، بۆیە من داوا دەکەم هەقیقەت چۆنە ئەوە بوترێت.

من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە ئەگەر حەز نەکەین ڕەخنەمان لێبگیرێت باکارێکی وانەکەین ببێتە مایەی ڕەخنەگرتن .

مەبەستم ئەوەیە با ڕەخنە بگیرێت، بەڵام تۆمەت و بوختان نەکرێت.دڵنیام لەوەی کە میللەت خۆی ڕێگا نادات لەژێر سێبەری ئەم ئازادییە،سووکایەتی بەخەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و تێکۆشەرانی بکرێت.

## هەرێمی کوردستان و عێراق

**گوڵان:** جەنابی سەرۆك دێنە سەر مەسەلەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، دەبینین ئێستا عێراق بە قۆناخێکی زۆر ئاڵۆز تێدەپەڕێت، کە دەتوانین بڵێین پرۆسەکە گەیشتۆتە بن بەست، ئایا جەنابتان ئەم باردۆخە چۆن دەخوێنیتەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** دەتوانم بڵێم پرۆسەکە ئێستا زۆر زۆر ئاڵۆز بووە، بڕیاربوو ئەمڕۆ (٢٠١٠/٧/١٣) پەرلەمان کۆبێتەوە، بەڵام دواخرا بۆ دوو هەفتەی دیکە، وەك من دەیبینم دوو هەفتەی دیکەش هیچ ناکرێت، ڕۆژ بەڕۆژیش باردۆخە ئاڵۆزتر دەبێت، گرفتەکە ئەوەیە ئەو برایانەی بەغدا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کێشەکە چارەسەر بکەن، ئێمە وەکو کورد و شاندی کوردستانی کە

ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ گرفتێک نابێت، ئەگەر هەرگرفتێکیش بێتە پێشەوە زۆر بەئاسانی چارەسەر دەکرێت

**وەزیرەکان و بەرپرسە حکومیەکان هەر یەکەیان بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆی دەبێت بچنە ناو خەڵك و لەنزیکەوە ئاگاداری گلەیی و گازندەی خەڵکی بن و بەبەردەوامی لەناو خەڵک بن**

**بۆ ئێمە وەکو کورد وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار لەم قۆناخە شتێکی مەعنەوییە زیاتر، ئەمە جوبرانێکە بۆ ئەو هەموو غەدرەی لە ساڵانی ڕابردوو لە کورد کراوە**

لەبەغـــدان، خۆشـــبەختانە ڕۆڵی کورد ڕۆڵێکـــی ئیجابییە، ئێمە بەشـــێك نین لە کێشـــەکە ئێمە بەشێکین لەچارەسەر، هەرواش دەبین، بەڵام بەراستی جێگەی داخیشە کە دەڵێم باردۆخەکە زۆر ئاڵۆزە و هیچ ئاسـۆیەکی ڕووناك نابینم بەم نزیکانە.

**گوڵان:** لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا دەبینین،هەر کەباســی پێوەندی و کێشــەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکــەن، بەڕێزتان جەخت لەســەر ئەوە دەکەنەوە دەســتووری عێراق نەخشەی ڕێگــەی نێوان هەرێمی کوردســتان و حکومەتی عێراقە، هەروەها دەستووری عێراق کێشــەی ناوچە دابــڕاوەکان و کەرکوك و پێشــمەرگە و یاسای نەوت وگازی هەرێم و عێراق چارەسەر دەکات، پرســیاری ئێمە ئەوەیە جەختکردنەوەی جەنابت بەم شــێوەیە لەســەر دەستوور ئەو مانایە ناگەیەنێت، ئێمە تەنیا یەك ڕێگەمان هەیە بۆ مانەوەمان لە عێراق و چارەســەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ عێراقدا؟ ئایا دەکرێت لە ئاستی سیاسیی و دبلۆماتــی تەنیا یــەك ڕێگە چارە دیاریی بکەیــن و ڕێگەچارەی بەدیلی دیکەمان نەبێت؟ یان پێت وایە دەستوور کۆکراوەی هەموو ڕێگەچارەکانە؟

**سەرۆکی کوردستان:** مــن پێموایە ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت،هیــچ گرفتێــك نابێت، ئەگەر هەرگرفتێکیــش بێتــە پێشــەوە زۆر بەئاسانی چارەسەر دەکرێت.ئەو دەستوورە زەحمەتێکی زۆری بۆ کێشراوە، هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە، من ماوەی ٥٣ ڕۆژ لەبەغدا مامەوە و لەگەڵ برایانی تر خەریکبووین تا دارێژراوە، بەڵام هێشتاش ئەم دەســتوورە بێ کەموکــوڕی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەستوورێکی زۆر پێشکەتووە، دەستوورێکە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری مافەکانی ئێمەی تێدایەو ڕێگەچارەی بۆ هەموو گیروگرفتەکان دەست نیشــانکردووە، بۆیە من پێموایە هیچ بەدیلێك لەدەستوور باشتر نییە..

**گوڵان:** بۆ بەشداربوونی کوردستانییەکان لە حکومەتی ئاییندەی عێراقدا، جەنابت زۆر جەخت لەســەر ئــەوە دەکەیتەوە، کــە دەبێت پۆســتی ســەرۆك کۆمار بدرێتەوە بەکــورد، ئایا جەختکردنەوەی جەنابت لەســەر ئەم مەسەلەیە پێوەندی بەهاوپەیمانی نێوان یەکێتی و پارتییەوە هەیــە، یان ئێــوە وەك مەســەلەیەکی نیشتمانی کوردســتانی سەیری دەکەن و لەبــەر ئــەوەی نەتەوەی کــورد لە عێراقدا دووەمین نەتەوەی ســەرەکیە لە عێراقدا، دەبێت یەکێك لە دوو پۆســتە سەروەریەکە(سەرۆك وەزیران یان سەرۆك کۆمار) وەربگرێتەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئێمە وەکو کورد نەتــەوەی دووەمیــن لــە عێراقدا، دوو نەتــەوەی ســەرەکی لەعێراقــدا هەیە (عەرەب و کورد)،ڕاســتە سێ پۆستی ســەروەریی هەیە(ســەرۆك کۆمــار، سەرۆك وەزیران، ســەرۆکی پەرلەمان) بەڵام دەســەڵاتی کردەیــی هەمووی لەدەستی سەرۆك وەزیرانە،بەڵام بۆ ئێمە وەکو کورد وەرگرتنی پۆســتی سەرۆك کۆمار لەم قۆناخە شتێکی مەعنەوییە زیاتر،ئەمە جوبرانێکــە بۆ ئەو هەموو غەدرەی لە ســاڵانی ڕابردوو لە کورد کراوە، ئەو لێدوانانەشــی لــەم دواییە هەندێك لایەن دایان بەو مانایەی کورد موستەهەقی ئەوە نییە پۆستی سەرۆك کۆمار وەربگرێتەوە، بەشــێوەیەکی زۆر نادۆستانە ئەو مەسەلەیەیان خستەروو، بۆیــە ئێمە بە مافی کــوردی دەزانین و بــۆ عێراقیش باشــترە بــۆ ئەوەی دڵنیابیەك بــدەن بەکورد، ئێمە مانعمان نییە ئەم پۆســتەمان بــۆ بگۆڕنەوە بە پۆستی سەرۆك وەزیران،بێگومان ئەمە ناکرێت، بۆیــە ئێمە پێمان باشــە لەم قۆناخە سەرۆك کۆمار بۆ کورد بێت بۆ عێراقیش باشــترە، ئێمە سوورین لەسەر ئەو مەسەلەیە، بێگومان کە ئێمە داوای ئەو پۆستە بکەین، مام جەلال کاندیدی ئێمەیە لەبەر ئەوەی ئــەو گونجاوە بۆ ئەو ئیشە.

**گــوڵان:** وەك دەبینن ئەمریکا جارێکی دیکە هاتەوە ناو پرۆســەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، پرســیار ئەوەیە ئایا ئەمریکییەکان وەك لایەنێکی خێر دێنە ناو پرۆســەکە بۆ لێکنزیــك کردنەوەی لایەنەکان، یان هاتوون گوشاری خۆیان بەکار بهێنن و تەنازوول بەلایەنەکان بکەن بۆ ئەوەی هەرچۆنێــك بێت حکومەت پێکبهێنرێــت؟ ئەگــەر ئەمریکییەکان گوشــارییان خســتە ســەر لایەنــی کوردستانی، ئایا بەڕێزت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکەیت؟

**سەرۆکی کوردســتان:** تەبعەن (جوزیف بایدن) دووجــار بە تەلەفۆن قســەی لەگەڵ من کرد، لەبــەر ئەوەی کاتێك ئــەو هات من لە کوردســتان نەبووم و ســەردانی میســرم کردبوو لە قاهیرە بووم، کە گەڕاشمەوە بۆ کوردستان ئەو ڕۆیشتبۆوە بۆ واشنتۆن، بۆیە لە کاتێك لــە قاهیرەبووم تەلەفونــی لەگەڵ من کردوو، کە هاتیشمەوە تەلەفونی لەگەڵ کردم،من بەویژ دانەوە دەڵێم ئەمریکییەکان هیچ گوشــارێکیان نەخســتۆتە سەر ئێمە، نەشمزانیوە گوشــاریان خستبێتە ســەر هیچ لایەنێکی تریش، بێگومان ئەمریکیەکان پێیانخۆشە بەزووترین کات حکومەتێك لە عێراقدا پێکبهێنرێت،لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە و ڕێککەوتنی سۆفا(SOFA) هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانیان بگێڕنەوە.

بێگومان بۆ ئەوەش جێگەی خۆشحاڵی و ســەربەرزی دەبێت کاتێك هێزەکانیان دەکێشنەوە بارودۆخی عێراق سەقامگیر بێت،بــەڵام مــن نەمبیســتووە ئەوان گوشاریان خستبێتە سەر هیچ لایەنێك، بەپێچەوانەوە ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

**گوڵان:** پێــت وانییە، لــەم کاتەدا کە پرۆســەکە دووبــارە گەیشــتۆتەوە بن بەست، ئەمریکییەکان گوشاری خۆیان بخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی ئەو بنبەســتیە بکەنەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** من پێموانییە ئەم مەسەلەیە بە فشــار چارەسەر بکرێت، دەبێت تەفاهومێــك بکرێت، یان ئەگەر هەر بەم شێوەیەی ئێستا مایەوە و دوای دوو هەفتەی دیکەش پەرلەمان نەیتوانی کۆببنەوە،ئــەوا دەبێت بــەرەو خەیاری دیکە بچن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك

ئازادی تا ئەو ئاستەیە کە ئازادی خەڵکی دیکە پێشێل نەکەیت، ئێستا کەسانێک هەن لەوە تێپەڕیون، مافی خەڵک پێشێل دەکەن



کورد بەوە ناسراوە میللەتێکی بە ئەخلاقە، هەر ئەو ئەخلاقە بوو کورد توانی وەکو چەکێک دژی هەموو دوژمنەکانی بەکاری بهێنێت

نابێت فەرهەنگێکی وا بێتە ناو خەڵکی کوردستان کە سەرەنجام کەس متمانەی بەوی دیکە نەبێت و کەس ڕێزی کەس نەگرێت

عێراقیەکان خۆیان نەیانەوێت کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن؟ ئەمریکا دەتوانێت چی بکات؟ فشار بکات یان ڕێنماییان بکات،هەرچییەك بکات بێ سوودە.

**گوڵان:** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا لەبەغدا هەیە، هەست دەکەین ئەمجارە سەرۆکی کوردستان هەندێك دوورە لە پرۆسە سیاسییەکە یان بەواتایەکی دیکە سەرۆك کەمتر دەچێت بۆ بەغدا، بەپێچەوانەوە لایەنەکانی دیکە بچم و لەوێ بم، بەڵام ئێستا هەموو شت تەقریبەن هەموو دامەزراوەکان دامەزراون، بەڵام خراپ بەکاردەهێنرێن، ئێستا پەرلەمان هەیە، ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئێستاش من ئامادەم بچمە بەغدا، ئەگەر بزانم لایەنەکان بڕیاریانداوە ڕێکبکەون من دەچم، ئامادەشم هەرچی لەدەستم بێت بیکەم، بەڵام تا ئێستا لەوە ناچێت تا ئێستا هەبووە من بەشدار نابم.

**گوڵان:** ئایا ئێمە وەك فراکسیۆنی کوردستانی لەگەڵ شەخسی کاندیدکراو وتووێژ دەکەین، یان خەتی سوورمان بەرامبەر هیچ کاندیدێك نییە و دوای ئەوەی کاندید دەکرێت لەسەر بەرنامەکەی دەکەوینە وتوێژەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەنیسبەتی ئێمە بەرنامە مەرجە.

**گوڵان:** ئایا هیچ کەسێك جیاواز نییە؟

ئەمریکییەکان هیچ گوشارێکیان نەخستۆتە سەر ئێمە



ئێمە وەکو کورد هەندێک داواکاری ڕەوامان هەیە، بۆیە بەرنامەی حکومەتمان بەلاوەگرنگە لەهەموو مەسەلەکان و ئەوەشی پێوەندی بەعێراقەوە هەیە نەک تەنیا کورد، کێ لەو بەرنامانە لە ئێمە نزیکتر بێت ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکدەکەوین

دێن بۆ هەولێر، بەڵام لە پرۆسەکانی دیکە دەمانبینی سەرۆکی کوردستان سەردانی بەغدای دەکرد، ئایا بەڕێزتان تەعلیقێکتان لەسەر ئەم مەسەلەیە چییە؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئەو کاتە هەموو شتێك لە سفرەوە دەستی پێدەکرد، بۆ نموونە کاتی مەجلیسی حوکم تازە هەموو شتێك دروست دەبوو، بۆیە بەپێویستم دەزانی بچمە بەغدا،هەروەها لەمەسەلەی دەستوور من بەپێویستم زانی من بچمە بەغدا، بەڵام بۆ ئەو وتووێژەی بڕیاری ڕێککەوتنیان دابێت.

**گوڵان:** پێت وانییە بۆ ئەم بارودۆخە گرنگە سەرۆکی لایەنە سەرەکیەکانی پرۆسەکە لەم بارودۆخە پێکەوە کۆببنەوە و مەخرەجێك بۆ ئەم تەنگژەیە بدۆزنەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** وەڵاهی ئەگەر بزانم سەرۆکی کوتلەکان و لایەنە سەرەکیەکان بڕیاری ئەوەیان داوە چارەسەرێك بدۆزنەوە من ئامادەم، لێرە داوەتیان بکەین و لەخزمەتیاندا بین، یان

**سەرۆکی کوردستان:** جیاوازی هەیە، حەزدەکەم ڕاشکاوانە پێت بڵێم، شەخس هەیە بەنسبەتی ئێمە لە شەخسێکی دیکە پەسەندترە، بەڵام دیسان بەرنامە مەرجە، ئێمە وەکو کورد هەندێك داواکاری ڕەوامان هەیە،بۆیە بەرنامەی حکومەتمان بەلاوەگرنگە لەهەموو مەسەلەکان و ئەوەشی پێوەندی بەعێراقەوە هەیە نەك تەنیا کورد، کێ لەو بەرنامانە لە ئێمە نزیکتر بێت ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکدەکەوین.

**گوڵان:** هەفتەی پێشوو گوێبیستی ئەوەبووین، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا هێزەکانی unجێگەی ئەو هێزە هاوبەشەی (پێشمەرگە، ئەمریکا، سوپای ئەمریکا) لەناوچە جێناکۆکەکان بگرێتەوە، ئایا رای بەرێزتان لەسەر ئەم مەسەلەیە چییە؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئەمە قسەیەکە کراوە، جارێ هیچ مەسەلەیەکی جدی نییە، کە ئەو گرێیە بکرێتەوە.

## پێوەندییە ئیقلیمی و عەرەبی و نێو دەوڵەتیەکان

**گوڵان:** ئێستا دێینە سەر مەسەلەی پێوەندییە ئیقلیمی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەراستی ئەملایەنە هێندە گرنگە ئەگەر ئەو مەسەلە ناوخۆییانەی عێراق و کوردستان نەبوونایە، راستەوخۆ ئەوەیە ئایا چۆن سەرۆکی کوردستان لە ماوەیەکی کورتتدا (٢-٣) ساڵ ئەو هاوکێشەیەتان گۆڕی و ئەو سیاسەتە هاوسەنگەتان پیادەکرد؟

**سەرۆکی کوردستان:** پێش ئێستا هەندێك ئینتباعاتی لەو جۆرە لەهەرێم وەرگیرابوو، ئەو ئینتباعاتانە هەڵە بوون، هەندێك لایەن پێیان وابوو ئێمە هەڕەشەین بۆ ئەوان، هەندێك لایەنی دیکە لە دەوڵەتانی عەرەبی پێیان

**عێراقیەکان خۆیان نەیانەوێت کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن؟ ئەمریکا دەتوانێت چی بکات؟**




**ئێمە سیاسەتێکی راستمان گرتۆتە بەر، ئێمە راستگۆ بووین، نەچووین بەدوو زمان قسەبکەین، واتە لای ئەوان بەجۆرێک قسەبکەین و دڵیان خۆش بکەین و لێرەش بە جۆرێکی دیکە قسە بکەین**

باسنەکراوە، تەنیا پێشنیارێکە کراوە، بەڵام وردەکارییەکەی ئەم هێزە کێ دەبن، دەسەڵاتیان چەند دەبێت، لەکوێ دەبن، ئەم وردەکاریانە باس نەکراون. بۆیە جارێ زووە رایەکی کۆتایی لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە بدرێت.

**گوڵان:** ئایا بەرای جەنابت پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا پێت وایە مەخرەجێك دروست دەبێت؟

سەرۆکی کوردستان: بەداخەوە ئەوەی من دەیبینم هیچ شتێکی وا لەبەر چاو لەم خاڵەوە پرسیارەکانمان دەست پێدەکرد، وەك بینیمان، لەسەردانەکانی ئەم دواییەی جەنابت، بەتایبەتی لەسەردانی بەرێزت بۆ تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، هەستمان کرد ئەو پێوەندییە سیاسی و دپلۆماتییەی ئێستا هەرێمی کوردستان لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی جەنابتان پێی گەیشتووە، چەند ساڵێك لەمەوپێش باسمان بکردایە هەرێمی کوردستان دەگاتە ئەو ئاستە، لەوانەیە کەس مەزەندەی نەکردایە، پرسیاری ئێمە وابوو ئێمە رۆڵێکی سلبی لەعێراقدا دەگێڕین و ئێمە کێشەین، زۆر خەڵکی دیکە دەیانویست کێشە و فاشیلبوونی خۆیان بەئێمە داپۆشن، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوت ئێمە بۆ هیچ کەسێك هەڕەشە نین، ئێمە سیاسەتێکی راستمان گرتۆتە بەر، ئێمە راستگۆ بووین، نەچووین بەدوو زمان قسەبکەین، واتە لای ئەوان بەجۆرێك قسەبکەین و دڵیان خۆش بکەین و لێرەش بە جۆرێکی دیکە قسە بکەین، نەخێر لێرە سیاسەتمان چۆن



**ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت سیاسەتێکی دیکە لەگەڵ کورد پەیرەو بکەن، ئەویش سیاسەتی لێکتێگەیشتنە، سیاسەتی یەکتری قبوڵکردن، سیاسەتی دانان بە ئەمری واقیع بەوەی میللەتێکە و هەیە**

بووە بەوانیشمان هەمان شت وتووە. پێموایە ئەمە یەکێکە لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکان کە هەقیقەتی باردۆخەکەیان بۆ دەرکەوت،بێگومان ئێمە لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ ئەوانیش راستگۆ بووین، بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نەبووین بۆ ئەوان، بە پێچەوانەوە زۆر شتی هاوبەش هەبووە کە دەتوانێت بەرژەوەندی هەردوولا دابین بکات، راستە ئێمەش بەرژەوەندی خۆمان هەیە، بەڵام لەسەر حسابی خەڵکی دیکە بەرژەوەندی خۆمان نەپاراستووە، ئێمە ویستوومانە خەڵکی کوردستانیش سوودمەند بێت، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە لەهەمووی گرنگتر راستگۆیی ئێمە بووە وایکرد ئەوان سیاسەت و ئینتباعاتی خۆیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕن.

**گوڵان:** بەدرێژایی مێژوو لە پێوەندییە عەرەبی و ئیقلیمیەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا نەك حساب بۆ بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا نەکراوە، بەڵکو پێوەندییەکان لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان تەواو دەبوون و نەگبەتی بوون بۆ کورد، بەڵام ئێستا چەندین توێژینەوەی گرنگمان لە ناوەندەکانی توێژینەوەکانی ئەمریکا لەبەردەستە، کە رێنمایی خۆیان بەو ئاراستەیە پێشکەش دەکەن، دەبێت ئەم پێوەندیانە لەگەڵ تێڕوانینی هەرێمی کوردستان یەکبگرنەوە، بەتایبەتیش لەگەڵ تورکیا، ئایا جەنابی سەرۆکی کوردستان ئەم وەرچەرخانە گرنگ و مێژووییە چۆن بۆ گەلی کوردستان روون دەکاتەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** هەروەك باسمکرد پێشتر تێروانێکی واهەبوو لای دەوڵەتە دراوسێکان کە کورد هەڕەشەن بۆ سەر ئەوان و هەمیشە کورد سەرچاوەیەکن بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەوان، بۆیە پەیمانیان دەبەست، لەهەموو دانیشتەکانیاندا مەسەلەی کورد مەسەلەی یەکەم بوو، ئەگەر لە مەسەلەکانی دیکەدا بۆچوونی جیاوازیشیان هەبووایە، بەڵام لەسەر مەسەلەی کورد یەك بۆچوون و یەك هەڵوێست بوون، ئەویش هەڵوێستێك بوو دژ بەکورد، تا گەیشتە ئەوەی پەیمانی سەربازی ببەستن بۆ سەرکوتکردنی میللەتی کورد و نەهێشتنی کێشەیەك بەناوی کێشەی کورد،بەڵام هەموو ئەم سیاسەتانە شکستیان هێنا، چونکە سیاسەتێکی راست نەبوو، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت سیاسەتێکی دیکە لەگەڵ کورد پەیرەو بکەن، ئەویش سیاسەتی لێکتێگەیشتنە، سیاسەتی یەکتری قبوڵکردن، سیاسەتی دانان بە ئەمری واقیع بەوەی میللەتێکە و هەیە، لەبری ئەوەی بەچاوی دوژمنانە سەیر بکرێت با بەچاوی دۆستانە سەیر بکرێت.

من پێموایە ئێستا ئەو قەناعەتە دروست بووەو پێموایە ئەمەش گۆڕانێکی گەورەیە.

**گوڵان:** ئێمە وەك رۆژنامەنووس لە

**دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بۆیان دەرکەوت کە رۆڵی کورد رۆڵێکی ئیجابی بووە، ئەو هەموو زانیارییە هەڵانەی کە بۆیان چووە راست نەبوون، هەرێمی کوردستان دەتوانێت یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ هەموو عێراق**

پێوەندیمان لەگەڵ زۆرێک لەو وڵاتانە هەیە کە هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە پەیڕەوی سیاسەتی وڵاتێکی تر دەکەین، یان هەرچی دوژمنی ئەمریکا بوو ئێمەش دوژمنایەتی دەکەین، یان هەرچی دۆستی ئەمریکا بێت ئێمەش دۆستایەتی دەکەین



سەردانەکانی بەڕێزت بۆ عەرەبستانی سعودیە و ئەردەن و میسر، هەروەها بڕیاردان بەکردنەوەی کونسوڵخانەکانیان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەمان خوێندەوە، تێڕوانینی ئێستای دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی (میسر و ئوردن و سعودیە) بۆ هەرێمی کوردستان تێڕوانینی پار و پێرار نییە، ئێستا دەوڵەتانی عەرەبی مانەوەی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدرالی لەعێراقدا، بەمانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لەقەڵەم دەدەن، ئایا جەنابی سەرۆك تاچەند پشتگیری ئەم خوێندنەوەی ئێمە دەکات،؟ ئایا چۆن ئەم هاوکێشە تازەیە دروست بووەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** راستە پێش ئێستا ئینتباعێکی خراپ لەلایەن بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبییەوە لەسەر هەرێمی کوردستان وەرگیرابوو، پێیان وابووە ئێمە جیادەبینەوە، ئێمە گرفت بۆ عێراق دروست دەکەین،بەداخەوە زۆرێك لە سیاسییەکانی عێراقیش کە دەچوون بۆ ئەو وڵاتانە چەواشەکاریەکی زۆریان لەکورد دەکرد، بەڵام ئەوانیش واتە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بۆیان دەرکەوت کە رۆڵی کورد رۆڵێکی ئیجابی بووە، ئەو هەموو زانیارییە هەڵانەی کە بۆیان چووە راست نەبوون، هەرێمی کوردستان دەتوانێت یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ هەموو عێراق، دەتوانێت دەرگایەکیش بێت تا بۆ مەسەلەی ئابووری و بازرگانیش لەگەڵ عێراق، هەرچەندە کە ئێستا باری ئەمنی عێراق لەباریش نەبێت بەڵام دەتوانن لەهەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکەن، لەم سەفەرەشدا بۆ منیش دەرکەوت فیعلەن ئەو ئینتیباعاتە بەتەواوەتی گۆڕدراوە، ئەمەش بەسەرکەوتن دەزانم، دەتوانم بڵێم ئەو ئینتباعاتە سلبیەی جاران گۆڕدراوە بە ئینتباعێکی زۆر ئیجابی لەسەر هەرێمی کوردستان، بە تەئکید ئەمەش خزمەت بە پرۆسەی فیدرالی عێراقیش دەکات.

**گوڵان:** ئێستا کەسەیری پێوەندییە ئیقلیمی و عەرەبیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبینن هەرێمی کوردستان پێوەندیەکی هاوسەنگی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەیە کە دۆستی ئەمریکان، هەروەها کە دژی ئەمریکاشن، ئایا چۆن توانیوتانە ئەم دپلۆماتیەتە هاوسەنگە دروست بکەن؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەراستی ئێمەش وەك هەر خەڵکێکی تر، بەرژەوەندی خۆمان هەیە، بەرژەوەندیی خۆشمان(بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراقیش) لە ئەولەویاتی ئێمەدایە،راستە ئێمە دۆستی ئەمریکاین، راستە پێوەندیمان لەگەڵ زۆرێك لەو وڵاتانە هەیە کە هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکان،بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە پەیڕەوی سیاسەتی وڵاتێکی تر دەکەین، یان هەرچی دوژمنی ئەمریکا بوو ئێمەش دوژمنایەتی دەکەین،یان هەرچی دۆستی ئەمریکا بێت ئێمەش دۆستایەتی دەکەین، راشکاوانە دەڵێم

پێوەندییەکانمان لەگەڵ فەرەنسا بەو یادداشتنامەیە رێکخرا بۆیە ئێمەش ئەولەویەتی خۆمان دەدەینە ئەو پێوەندیەی لەگەڵ فەرەنسا دروستمانکردووە

ئێمە بەپێی بەرژەوەندی میللەتی خۆمان رەفتار دەکەین، راستە ئێستا ئێران پێوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا زۆر خراپە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە دەبینە بەشێك لەو ململانێیەی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئێمە نە بۆ ئێران شتێك دەکەین دژی ئەمریکا، نە بۆ ئەمریکاش شتێك دەکەین دژی ئێران، لەبەر ئەوەی ئەو کێشەیە لە ئێمە گەورەترە،وەك دەڵێن ئەوە باری ئێمە نییە بە هەقیقەت،ئێمە بەرژەوەندی خۆمان و سیاسەتی خۆمان هەیە،ئێرانیش وڵاتێکە دراوسێی ئێمەیە، ئەوە لەبەرژەوەندی ئێمە نییە لەگەڵ ئێران تێکبیدەین لەبەر ئەوەی ئەمریکا و ئەوروپا لەگەڵ ئێران تێکیدەدەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ناشچین هەرچی ئێران بیەوێت ئێمە ئەوە بکەین، ئێمە سیاسەتی خۆمان هەیە و سەربەخۆیی بڕیاری خۆمان دەپارێزین.

**گوڵان:** لەسەر ئاستی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بەگشتی و دەوڵەتە گەورەکانی یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی (ئەڵمانیا و فەرەنسا) هەرێمی کوردستان پێوەندیەکی ئاست بەرزی هەیە، بەتایبەتی لەسەردانی بەڕێزتان بۆ فەرەنسا و دیداری بەڕێزتان لەگەڵ سەرۆك سارکۆزی، هەستمان کرد پێشوازیکردنەکە نەك هەر لەسەر ئاستی سەرۆکی دەوڵەت رێکخرابوو، بەڵکو ئەو ئاستەی بەزاند و جۆرێك لە هەست و سۆزی دۆستایەتیەکی دێرینی لێدەخوێنرایەوە، ئایا سەرۆکی کوردستان پێوەندی نێوان گەلی کوردستان و گەلی فەرەنسا، بەتایبەتی دوای ئەم سەردانەی بەڕێزت بۆ فەرەنسا چۆن بەگەلی کوردستان رادەگەیەنیت؟

**سەرۆکی کوردستان:** پێوەندی من و سەرۆك سارکۆزی کۆنە، دەگەرێتەوە بۆ نزیکەی زیاتر لە ١٠ ساڵ، دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەڕێزی وەزیری ناوخۆی فەرەنسا بوو، لەو کاتەوە ئێمە پێوەندیمان هەیە و بەراستی دۆستی کوردە، کاتێك کە وەزیری ناوخۆش بوو زۆر هەستی بۆ کورد هەبووە و من چەندجار پێشتریش بینیوومە، هەر بۆ زانیاریشت، کاتێك هەڵبژێردرا بەسەرۆك کۆماری فەرەنسا یەکەم کەس کە پیرۆزبایی لێکرد من بووم، لەبەر ئەوەی لەوکاتە من لەپاریس بووم، شەو هەڵبژێردرا و بەیانی من بینیم و پیرۆزبایم لێکرد و پاریسم بەجێهێشت.

لەلایەکی دیکە فەرەنسا دەوڵەتێکی گرنگە و لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەوروپایە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە، دەوڵەتێکی گەورەیە لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهانیش کاریگەری هەیە، بەتەئکید ئەو یاداشتنامەیەی لەگەڵ بیرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئیمزامان کرد، کە ئەویش دۆستێکی دێرینی کوردە، دۆستی شەخسیشمە، ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆی دەبێت، بێگومان فەرەنسا بەو ئیمکانییەت و گەورەییەی خۆی بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستان بێتە کوردستان، بێگومان شتێکی زۆر گەورەیە.

هەروەها ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپیش هانبدرێن ئەوانیش بێنە کوردستان، ئەمەش واتە دەرگایەکی گەورە لەبەردەم هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە، بەرێگەی پێوەندی لەگەڵ فەرەنسا وئەڵمانیا و لەخوا بەزیاد بێت پێوەندییەکی زۆرباشمان لەگەڵ بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا هەیە.

وەك ئیتاڵیا بەریتانیا، بەڵام پێوەندییەکانمان لەگەڵ فەرەنسا بەو یادداشتنامەیە رێکخرا بۆیە ئێمەش ئەولەویەتی خۆمان دەدەینە ئەو پێوەندیەی لەگەڵ فەرەنسا دروستمانکردووە.

**گوڵان:** ئیمزاکردنی یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا، بەتایبەتی کە یادداشتنامەکە بەهەردوو زمانی فەرەنسی و کوردی نووسرابوو، وەك بەڕێز بیرنارد کۆشنەر لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە گوڵانی راگەیاند: ئایندەی پێوەندیەکانی نێوان فەرەنساو کوردستان دیاری دەکات، ئایا سەرۆکی کوردستانیش بەو گرنگییەوە سەیری ئەو یادداشتنامەیە دەکات؟ ئایا ئەو یادداشتامەیە چ سوودێکی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە؟

**سەرۆکی کوردستان:** ئەم یاداشتنامەیە زۆر بوار دەگرێتەوە وەك بواری تەندروستی،پەروەردە، سیاسیی، ئابووری، خزمەتگوزارییەکان، بواری گەشتیاری، شوێنەوار، بەراستی یادداشتنامەکە زۆر شاملە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە ئەمە هەنگاوێکی جۆری بوو، یان وەك عەرەب دەڵێت(نقلە نوعیە).

## پرسیاری هەمەجۆر و گشتی

**گوڵان:** ئایا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هیچ بوارێکی بۆ سەرۆکی کوردستان هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەندێك کات بۆ خولیاکانی تەرخان بکات، وەك خوێندنەوە، ئایا جەنابی سەرۆك بواری خوێندنەوەت ماوە؟ ئەگەر بوار هەبێ چی دەخوێنیتەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەراستی بوارێکی زۆر کەمی بۆ هێشتوومەتەوە، بەڵام دیسان هەمیشە هەوڵمداوە بۆ ئەوەی هەندێك دەرفەت بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بخوێنمەوە، خوێندنەوەکانم هەمەجۆرن، زیاتر ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کەلەسەر کوردستان، یان عێراق، یان رووداوێکی گەورە لە جیهاندا نووسراون، یادەوەریی ئەو خەڵکانە دەخوێنمەوە کە کاریگەریان هەبووە لە دروستکردنی مێژوو یان لە گۆڕانکاری بارودۆخێك.

هەندێك جاریش کتێبی ئەدەبی و دیوانی شاعیران دەخوێنمەوە، هەروەها حەزم لە مەوسوعاتە، هەندێك جاریش کتێبی سەربازیش دەخوێنمەوە بە تایبەتی ئەوەی لەسەر فڕۆکەیە.

**گوڵان:** گوێمان لێبووە پێشتر جەنابتان هاندەری تیپی ئەڵمانیا بوون، بەڵام ئێستا هاندەری تیپی ئیتاڵیان، دوای دوورکەوتنەوەی ئەو دوو هەڵبژاردەیە لە مۆندیال، ئایا جەنابی سەرۆك سەیری یارییەکانی کردووە، ئەگەر سەیری کردووە هاندەری چ هەڵبژاردەیەك بووە؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەراستی من حەز لە فتبۆڵ دەکەم و کاتی خۆی یاری فتبۆڵیشم کردووە، تا جارێك من قوتابی بووم لەیاری فتبۆڵدا دەستم شکا،

**زۆر خەڵکی دیکە دەیانویست کێشە و فاشیلبوونی خۆیان بەئێمە دابپۆشن، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوت ئێمە بۆ هیچ کەسێک هەرەشە نین**

**ئێمەش بەرژەوەندی خۆمان هەیە، بەڵام لەسەر حسابی خەڵکی دیکە بەرژەوەندی خۆمان نەپاراستووە**

ئینجا بابێینەوە سەر پرسیارەکە، من زۆر کەیفم بە تیپی ئەڵمانی دەهات، بەڵام ئەو دەرچوو،ئیتاڵیەکانیش لەساڵی ١٩٩١ کە قەت ئەو هەڵوێستەیان لەبیر ناکەم،هەموو یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا تۆپێکیان بۆ ناردم هەمووشیان ئیمزایان کردبوو لێیان نوسیبوو (لەگەڵ رێز و خۆشەویستیمان بۆ کوردستان)،ئەمەش وەك پێوەندییەکی دۆستانە، بەڵام لە یاری کۆتایی مۆندیال، لەبەرئەوەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەشی زۆریان یاریزانانی یانەی بەرشەلۆنە بوون، ئەو یاریزانانەش هێندە بەڕێز و جوانی یارییان دەکرد، مرۆڤ هەر لەخۆیەوە حەزیدەکرد هەڵبژاردەی ئیسپانیا بیباتەوەو،پیرۆزیان بێت.هەروەها زۆریش موعجیبم بە میسی، واتە میسی و یاریزانانی بەرشلۆنە لە هەڵبژاردەی ئیسپانیادا، لە رادەبەدەر بەرەوشت و بەڕێزن، تەبعەن من پێم خۆش بوو ئەڵمانیا بیباتەوە کە ئەڵمانیا دەرچوو، پێم خۆش بوو ئیسپانیا بردیەوە.زیاتر لەبەر رێزم بوو بۆ یاریزانانی بەرشەلۆنە.

**گوڵان:** ئایا ئێستا جەنابی سەرۆك خۆی وەرزش دەکات، ئەگەر وەرزش دەکەن جەنابت چ وەرزشێك دەکەیت، ئایا وەرزشی جەنابت رۆژانەیە، یان ئەو کاتەی بوارت هەبێت؟

**سەرۆکی کوردستان:** بەڵێ من ئێستاش رۆژانە وەرزش دەکەم، بەیانیان زوو هەڵدەستم، هەرچییەك هەبێت من دەبێت وەرزشی خۆم بکەم.

**گوڵان:** گوێمان لێبووە جەنابت لە مۆزەخانەی لۆڤەر لەپاریس زۆر حەزت کردووە نوسخەی ئەسڵی تابلۆی مۆنالیزا ببینیت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆك حەزی لە هونەرە، ئایا جەنابت تەنیا حەزت لە هونەری نیگارکێشان و تەشکیلییە، یان بەشێوەیەکی گشتی حەزت لە هونەرە؟

**سەرۆکی کوردستان:** من بەشێوەیەکی گشتی حەزم لەهونەرە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی نیگار کێشان و ئەو تابلۆیانە، سەبارەت بە تابلۆکەی مۆنالیزا، ئەو تابلۆیە زۆر بەناوبانگە،



زۆرێک لە سیاسییەکانی عێراقیش کە دەچوون بۆ ئەو وڵاتانە چەواشەکاریەکی زۆریان لەکورد دەکرد، بەڵام ئەوانیش واتە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بۆیان دەرکەوت کە رۆڵی کورد رۆڵێکی ئیجابی بووە

ئێمە نە بۆ ئێران شتێک دەکەین دژی ئەمریکا، نە بۆ ئەمریکاش شتێک دەکەین دژی ئێران



زیاتر ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کەلەسەر کوردستان، یان عێراق، یان ڕووداوێکی گەورە لە جیهاندا نووسراون.

من پێم خۆش بوو ئەڵمانیا بیباتەوە کە ئەڵمانیا دەرچوو، پێم خۆش بوو ئیسپانیا بردیەوە. زیاتر لەبەر ڕێزم بوو بۆ یاریزانانی بەرشەلۆنە

بەم دواییە لە گۆڤارێکدا بابەتێکم لەسەری خوێندەوەو دەڵێت ئێستا پاش دیراسەتێکی زۆر دەرکەوتووە، مۆنالیزا نەخۆشی شەکری هەبووە بۆیە دەموچاوی واپیشاندەدرێت،من جارێکی دیکە بینیبووم، بەڵام زۆر بەو وردییە سەیرم نەکردبوو،بۆیە حەزمکرد دووبارە بە دیقەت سەیری بکەمەوە، بەڵام بەراستی من نازانم ئەو بۆچوونە راستە یان نە .

**گوڵان:** مۆسیقا و گۆرانی لایەنێکی دیکەن، ئایا جەنابی سەرۆك حەز بە گوێگرتن لەچ مۆسیقایەك دەکات و زیاتر گوێ لەدەنگی کام گۆرانیبێژ دەگرێت؟


**سەرۆکی کوردستان:** بەڵی من زۆر حەز لە مۆسیقا و گۆرانی دەکەم، هەر لەکۆنیشەوە حەزم لێبووە، هەرکاتێك توانیبێتم زۆر ئیحترامی ئەو هونەرمەندانەم گرتووە، بەڵام بەراستی من زیاتر حەز لە گۆرانی کلاسیك دەکەم، من زۆر حەز لە گۆرانی کوردی دەکەم بەتایبەتیش لە دەنگی هونەرمەندان (محەمەد عارف جەزراوی، تاهیر تۆفیق، تەحسین تەها، حەسەن زیرەك)بۆ سروودی نشتیمانیش فوئاد ئەحمەد و شڤان پەروەر ئێستاش هونەرمەندی لێهاتوو و دەنگخۆش هەن لەسەر ئاستی هونەری مۆسیقا و گۆرانی رۆژهەڵاتیش حەز لە گۆرانییە کلاسیکیەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیش دەکەم.

**گوڵان:** هەروەها گوێمان لێبووە کە بەڕێزت زۆربەی شیعرەکانی مەلای جزیریت لەبەرە، ئایا بێجگە لە شیعرەکانی مەلای جزیری، شیعری کام شاعیری دیکەی کوردستان دەخوێنیتەوە؟

**سەرۆکی کوردستان:** من زۆر حەز لە شیعر دەکەم، راستە زۆربەی نا، بەڵام هەندێك لەشیعرەکانی مەلای جزیریم لەبەرە، دوای ئەو ئەوەی کە زۆر پێی موعجیبم (وەفایی مهابادییە)، هەروەها موعجیبم بە شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی )من دیوانی شیعری زۆربەی شاعیرەکانم بینیوە، بەڵام بەو سیانەیان زۆر موعجیبم.

**من زۆر حەز لە گۆرانی کوردی دەکەم بەتایبەتیش لە دەنگی هونەرمەندان (محەمەد عارف جەزراوی، تاهیر تۆفیق، تەحسین تەها، حەسەن زیرەک) بۆ سروودی نشتیمانیش فوئاد ئەحمەد و شڤان پەروەر**

**بە شیعرەکانی جزیری و وەفایی و خانی موعجیبم**



# «محاصصة»ی نەتەوەیی و تایەفی لە عێراقدا پێویستییەکی ئەم قۆناخەیە!



**ئاسۆ کەریم**

حکوومەتی مالیکی هەرچ ناوێکی لێبدرێ ماوەکەی بەسەرچووە، با لە دەستووریشدا بە وردی باس لەوە نەکرابێت. مادامەکێ سیستەمی حوکمرانی لە عێراقدا، سیستەمێکی پەرلەمانییە، لەگەڵ بەکۆتاهاتنی «ویلایەت»ی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، ماوەی حکوومەتیش کە ئەو ئەنجوومەنە متمانەی پێداوە، بەکۆتاهاتووە و لەگەڵ دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی نوێشدا کە لە ١٤ی حوزەیراندا کۆبووە، حکوومەت بە دەستلەکارکێشراوە دادەنرێت.

هەرچەندە وەکو حیلەیەکی شەرعی کۆبوونەوەکەی ١٤ی حوزەیرانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەکراوەیی هێڵدرایەوەو بۆ دوو حەفتەی تریش دواخرا، لێ حکوومەتی مالیکی هەر چ بکات، لەبەرانبەر ئەنجوومەنی ئێستای نوێنەراندا بەرپرسیار نییە، تەنیا وەکو نەریت و بەندوباو، ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کارەکان رایی بکات و رابپەڕێنێ. لە نامەکەیدا کە ٣٤ سیناتۆری ئەمەریکی بۆ مالیکیان ناردبوو، ئاماژە بە حکوومەتەکەی ئەو وەکو حکوومەتی کار ڕاییکردن کراوە، ئەوەش جۆرێکە لەئاگادارکردنەوەی مالیکی کە حکوومەتەکەی ئەو، حکوومەتێك نییە بە «دەسەڵاتی تەواو»ەو. راستە وەکو لە سەرەوە گوتمان، ماوە بۆ حکوومەتی کارڕاییکردن لە دەستوور دیاری نەکراوەو لە هەندێ وڵاتدا ئەو ماوەیە لە مانگێ زیاتری بردووەو گەیشتۆتە ٥-٦ مانگ (نموونەی لبنان).

لەراستیدا ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی باش هەستی خۆی لە عێراقییەکان و غەیری ئەوانیش راگرت! چاوەڕوانی ئەوەبوو کە لایەنە سەرەکییە براوەکان، لەنێوان خۆیاندا رێکبکەون و حکوومەت پێکبهێنن و بەئاشتییانە ئەمدەست و ئەودەست بەدەسەڵات بکەن، تەنانەت هەندێ لە چاوەدێرانی سیاسی و شارەزایان پێیانوابوو ئەمریکا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر لایەنەکاندا نەماوە، یان نایەوێت ئەو کاریگەرییە نیشانبدات و پرسەکەی بۆ لایەنی تری غەیرە عێراقی (بۆ نموونە تورکیا...) جێهێشتووەو خوا خوایەتی بەسەلامەتی لە ٢٠١١ لە عێراق دەرچێت!

لێ بەم دواییانە، لەبەر هەر هۆکارێك بێت (لەوانە سەپاندنی سزای توندتر بەسەر ئێران و گرژیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل...) ئەمەریکا بەگوڕ هاتۆتەوە سەر خەت و لە دیمانەی بەرپرسە ئەمەریکی و عێراقییەکاندا جەخت لەسەر بەپەلە پێکهێنانی حکوومەتی نوێدا دەکاتەوەو ئەو پرسەیان بەتەنیا بۆ کریستۆفەر هیل جێنەهێشتووەو لەئاستی باڵادا هاتوونەتە ناو کێشەکانەوە (هاتنی جۆ بایدن و وەفدی کۆنگرێس و شیمانەی ئەوەش هەیە کە بایدن جارێکی تر سەری عێراق بداتەوە).


لێ هێشتا «تصمیم»ێکی بەهێز بۆ دەرچوون لەو قەیرانە نابیندرێ. هێشتا کوتلە براوەکان (لیستی عێراقیە، دەوڵەتی قانوون، ئیئتلافی نیشتمانی) کێشەیان لەسەر ئەوە هەیە کە داخوا (الکتلە النیابیە الاکبر عددا) کە بەپێی مادده (٧٦)ی دەستوور مافی پێکهێنانی حکوومەتی پێدەدات، چ دەگەیەنێت. دادگای باڵای فیدراڵی، لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەم پرسە کردووە کە دەکرێ ئەو لیستە ئینتیخابییە بێت کە زۆرترین کورسی وەدەستهێناوە یان هەر کوتلەیەکی تری پەرلەمانی کە دوای پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێکبێت. بۆ ئەمەش هەردوو لیستی شیعە: دەوڵەتی قانوون و ئیئتلافی نیشتمانی، کیتلەی «تەحالوفی وەتەنی»یان پێکهێنا، بەڵام بەرەسمی تا ئێستا لەسەر کەسێك بۆ پۆستی ئەنجوومەنی وەزیران رێك نەکەوتوون و بەرەسمیش، پێنج لایەنی ناو ئیئتلافی نیشتمانی رەتیان کردۆتەوە کە مالیکی بۆ جاری دووەم ببێتەوە سەرۆك وەزیران، ئەوەش گرفتێکی خستۆتە ناو هاوپەیمانێتییەکە. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو دوو لیستە کە ناویان لە خۆناوە (تەحالوفی وەتەنی) لەسەر کاندیدێك رێکنەکەون، ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە بەدوور نازاندرێ و ئەو دەم زۆرینە خۆش دەبێت بۆ (عراقییە)ی عەللاوی کە وەکو کوتلەی هەرە گەورە بمێنێتەوەو دەست بە مانۆرو ساتوسەودا بکات ئینجا چ لەگەڵ (مالیکی) بێت، یان لەگەڵ (ئیئتلافی نیشتمانی) و (ئیئتلافی لیستە کوردستانییەکان)دا.

بەڵام هێشتا دەرفەتێك لەبەردەمی شیعەکاندا ماوە. ئێران وەکو یاریکەرێکی بەنفووزی ناو عێراق، بۆ ئەم مەبەستە عەلی لاریجانی راسپاردووە کە فایلی عێراق بگرێتەدەست و هەوڵی لێکنزیك کردنەوەی شیعەکان بدات، هاوکات پەرلەمەنتارێکی لیستی ئیئتلافی نیشتمانی، بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، پێشنیازێکی ١٤ خاڵیی بۆ یەکلاکردنەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە خستۆتەڕوو. هاوکات لەگەڵ ئەم بزاوانەدا، کریستۆڤەر هیل بەروونی دەڵێت «یاغنیشن ئەوانەی پێیانوایە ئێمە عێراق بۆ ئێران بەجێ دەهێڵین». مسۆگەر ئەوەش ماناو دەلالەتی خۆی هەیەو پەیامێکە بۆ زۆر لایەنی عێراقی و غەیرە عێراقی..بەهەرحاڵ، چ سیناریۆیەك بۆ پێکهێنانی حکوومەت و براندنەوەی ئەو قەیرانە دێتە جێبەجێکردن و سەردەگرێت، بەبڕوای من دەوەستێتە سەر حیکمەتی سەرکردایەتییەکان و «رازیبوونی پەنامەکی» ئەمریکاو ئێران بەو سیناریۆیە...چونکە پێموانییە لەکاتێکدا، کە ئابلۆقەو سزا بەسەر ئێراندا توند دەکرێت، ئێران نفوزی خۆی بۆ یەکخستنەوەی شیعەکان بەکارنەهێنێت و لێکیان نزیك نەخاتەوەو لە «مەترسییەکان» ئاگاداریان نەکاتەوە کە ئایندەی ئەوانی وەکو شیعە پێوەبەندە...لەمڕووەوە، رەنگە ئێران بۆ ئەوەی ئەو دەرووەی بەرووداد دانەخرێت، بە سازشی شیعە لەگەڵ عەللاوی و سوونەکاندا رازی ببێت!

با بەرواڵەتیش لە ئەمەریکاوە بگرە تا ئێران و تورکیا و میسرو وڵاتانی تری عەرەبیش بڵێن «پرسی پێکهێنانی حکوومەت، کارێکە تەنیا عێراقییەکان بڕیاری لێدەدەن» و زۆر لایەنی عێراقیش هەمان قسە دەکەنەوە، کەچی بەکردەوە، ئەمریکاو ئێران و لایەنەکانی تریش، هەر یەکەیان بەگوێرەی تواناو نفووزی خۆی، لەناو کێشەکاندان. لەبەر ئەوە وێدەچێ لە کۆتایدا، لەسەر کاندیدێك رێککەوتن بکرێ کە هەموو لایەك پێی رازی بن، دەنا بەدوور نازاندرێت پەرەسەندنەکانی ناو عێراق بەقازانجی هیچ لایەك نەکەونەوە. کورد لەسەر زاری سەرۆك بارزانی لەم نێوانەدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نایەوێ ببێتە بەشێك لە قەیرانەکە، بەڵام لەگەڵ حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانیشە کە هەموو لیستە سەرەکییەکان بەشداری تێدا بکەن. چونکە هیچ کام لە لیستە براوەکان (عێراقییە، دەوڵەتی قانوون، ئیئتلافی نیشتمانی)، ناکرێت وەکو لیستێکی نیشتمانیی سەرانسەری عێراقی چاوی لێبکرێت (بۆ راست و چەوتی ئەم قسەیە سەیری ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن لە هەر ١٨ پارێزگای عێراقدا). تەنانەت ئەگەر دوو لەم لیستانەش بەیەکەوە ببنە زۆرینەی پەرلەمانیی و بکارن حکوومەتیش پێکبهێنن و لیستەکانی تریش ببنە ئۆپۆزیسیۆن وەك هەندێ ناوەندی بیانی بەناوی دوور کەوتنەوە لە (محاصصە)ی نەتەوەیی و تایەفی و ڕێگەگرتن لە گەندەڵیی دارایی و ئیداری ئەو پێشنیازە وەکو سیناریۆیەك دەخەنە بەرچاو. بەکردەوە هەر سیناریۆیەکی لەمبابەتە دەبێتە پەراوێزخستنی کوردو گەڕانەوە بۆ دواوە و لەئاکامدا نە جێگیری و نەدڵنیایی و نەتەناهی و نەخێرو خۆشی بۆ عێراق و بۆ وڵاتانی دراوسێش بەدواوە دەبێت!

دیمانەی تایبەت
گوڵان
ژمارە (٧٩٠)
٢٠١٠/٧/١٩

# سوپاو دیموکراسی و سەروەریی یاسا



فەرید ئەسەسەرد

دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

هەڵسەنگاندنی کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عیراق کەهەفتەی رابردوو یادی ٥٢ ساڵەمان کردەوە، مشتومڕێکی زۆر دەنێتەوە. ئەم کودەتایە ئەوەندەی کەنەوەی سەردەمی کودەتاکە بەشێوەیەکی پۆزەتیف هەڵی دەسەنگێنن، نەوەی دوای کودەتاکەو ئەمڕۆی لێکۆڵیاران ئەوەندە بەپۆزەتیف هەڵی ناسەنگێنن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایە کەکودەتاکە هیچ خاڵێکی پۆزەتیڤی تێدا نییەو لەڕاستیشدا هەمووان لەسەر ئەوە هاوڕان کەرووداوەکە خاڵێکی وەرچەرخانە لەمێژوی هاوچەرخی عیراقدا.

کودەتاکە لانی کەم سێ قازانجی بۆ کورد هەبوو. یەکەم، ئەم کودەتایە رژێمێکی لەکۆڵ کورد کردەوە کەکورد لێی بێئومێد ببوو و پێی وابو هیچ پەراوێزێکی بۆ لێك تێگەیشتن نەهێشتۆتەوە. دووەم، رژێمی پاشایەتی هاوپەیمانییەتی لەچوارچێوەی پەیمانی بەغدادا (سەنتۆی دواتر) پێکهێنا بوو کەدیدێکی دۆستانەی بۆ داواکانی کورد نەبوو، کوردیش بەچاوی گومانەوە دەیڕوانییە ئامانجەکانی پەیمانەکە. لەگەڵ دارمانی رژێمی پاشایەتیداو دەرچوونی دواتری عیراق لەپەیمانەکە، کۆڵەکەیەکی گرنگی پەیمانەکە داڕوخا. سێیەم، کودەتاکە کەش و هەوایەکی وای لەگەڵ خۆیدا هێنا کەتێیدا بەشێکی زۆر لەئازادییە دیموکراتییەکان لەچوارچێوەیەکدا کە لەگەڵا هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا گونجاو بوو، فەراهەم کردو بەم پێودانگە بەشێکی قەدەغەکانی سەر داواکانی کورد نەمان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، کودەتاکە ژمارەیەکی زۆر کەموکوڕیی لەخۆ گرتبوو. یەکێ لەگەورەترین کەموکوڕییەکان، بەکارهێنانی بڕێکی زیاد لەپێویستی زەبروزەنگ بوو. لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە، هیچ شتێك لەبەکارهێنانی زەبروزەنگ ئاسانتر نییەو هیچ شتێکیش لەکۆنترۆڵ کردنی قورستر نییە. عیراقییەکان لە١٩٥٨دا بەقەد میسرییەکانی ساڵی ١٩٥٢ دانا نەبون. لەکاتێکدا میسرییەکان لەگەرمەی هەڵگەڕانەوەی سوپا لەڕژێمی پاشایەتی، دانیان بەخۆیاندا گرت و بەلای زەبروزەنگدا دایاننەشکاند، عیراقییەکان لە١٩٥٨ نەریتێکیان داهێنا کە تائەمڕۆ ئاسەوارەکەی بەهێزەو نەیانتوانی رێ لەبەکارهێنانی زەبروزەنگ بگرن.

کودەتای ١٩٥٨دیموکراسیی دانەمەزراند. رەنگە هۆکە زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەئەرکی سوپا لەبنەڕەتدا هێنانەدیی دیموکراسی نییە. جەنرال عەبدولکەریم قاسم کە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ حوکمڕانیی کرد، هیچ دیدێکی رۆشنی بۆ دیموکراسی نەبوو. بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەبێ دەستوورێکی هەمیشەیی و بەبێ پەرلەمان و بەبێ هەڵبژاردن حوکمڕانیی کرد. میتۆدی بیرکردنەوەی نادیموکراتییانەی جەنرال قاسم هاندەر بوو بۆ فەرامۆشکردنی دیموکراسی. لەو هەلومەرجەداو لەژێر کاریگەریی بوژانەوەی ژیانی سیاسی و ناوبانگی وەك رابەرێکی نیشتمانپەروەرو خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز، جەنرال قاسم ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازادی رێکبخستایە بەمسۆگەری و بەبێ کەمترین گومان هەڵبژاردنەکەی دەبردەوەو شەرعیەتێکی یاسایی بۆ خۆی دابین دەکرد. بەڵام چی وای لەجەنرال قاسم کرد نەچێ بۆ هەڵبژاردن؟

دیارە قاسم خۆیشی لەوە دڵنیا بوو کەئەگەر بچێ بۆ هەڵبژاردن، دەیباتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەناخی خۆیدا باوەڕی بەدیموکراسی نەبوو، نەیویست لەرێی سندوقی دەنگدانەوە رەوایی بۆ حوکمڕانیی پەیدا بکاو زیاتر وای بۆ دەچو کەسەروەرییەکەی لەوە دایە کەبەرەنجی خۆی، نەك بەدەنگی دەنگدەران، هاتۆتە سەر کارو هەندێ شتی وەك دەستوورو پەرلەمان و ئۆپۆزیسیۆن لێیان رادەبینرێ سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانی دابنێن. پاساوەکەی بۆ فەرامۆشکردنی هەڵبژاردن، ئەوەیە کەدەشێ هەڵبژاردن دەسەڵاتی تر بەتەنیشت دەسەڵاتی ئەووەوە بێنێتە کایەوەو یاسا نەك ئارەزوی رابەر بکاتە سەروەر.

بەم پێودانگە، قاسم دیدێکی دیموکراتییانەی بەرامبەر بەکوردیش نەبو. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیە کەقاسم دژی بەکارهێنانی دەستەواژەی «گەلی کورد» بوو لەبەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانداو رەزامەندیی لەسەر ئەوەش نیشان نەدا کەبەرنامەکە باس لەئۆتۆنۆمی بکا.

ئەو رژێمەی قاسم داینا، رژێمێکی پشت ئەستور بوو بەخودی خۆی و بەم پێودانگە هەڵسوکەوت و رەفتارەکەی زۆرتر لەوەی ناپلیۆن دەچێ کەپێی وابو ویستی دەسەڵاتداری کاریزمایی لەدەسەڵاتی دەوڵەت بەرزترەو یاساکان و دەستوورو پەرلەمان تەگەرە لەڕەهایی ئامانجە گەورەکان دەدەن.

قاسم جگە لەڕوخاندنی رژێمی پاشایەتی و دەرکردنی چەند یاسایەکی پێشکەوتنخواز، نە دیموکراسیی پێشکەش بەگەلەکەی کرد نە پەرلەمان و نە سەقامگیری و لەپاش خۆی جگە لەعیراقێکی شێواو، نۆڕینی جیاوازی سەبارەت بەکودەتاکەی بۆ عیراقییەکان بەجێ هێشت.

دیمانەی تایبەت



# هێندەی لە هەڵدێر نزیکە



# لە سەرکەوتنەوە دوورە



## بینجامین فریدمان بۆ گوڵان:

# ئەگەر مالیکی ئاشتیانە پۆستەکەی جێنەهێڵێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە گورزێکی گەورە لە دیموکراسیەت و شەرعیەت لە عێراقدا

پرۆسەی سیاسیی عێراق جارێکی دیکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە دەبێتەوە و ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ پەرلەمانی عێراق نەیتوانی سێ پۆستە سەروەرییەکە (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان) یەکلایی بکاتەوە، بۆیە دانیشتنەکەی پەرلەمان وەك فێڵێکی شەرعی بۆ ماوەی دووهەفتە بەکراوەیی هێڵرایەوە، ئێستا لە چاوەڕێی ئەوەداین کە هەفتەی دادێ ٢٠١٠/٧/٢٧، جارێکی دیکە پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە بۆئەوەی قەیرانی ئەم سێ پۆستە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام وەك ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژەی پێدەکەن، بارودۆخەکە بەداخەوە بەرەو خراپتر دەچن، لایەنە سەرەکییەکانی عێراق بە تایبەتی لە نێوان هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانیدا لەسەر دەسنیشانکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران ناکۆکییەکی زۆر هەیە و لیستی ئیئتیلاف بە کاندیدکردنەوەی د.مالیکی بۆ ئەو پۆستە ڕازی نییە و لیستی دەوڵەتی یاساش بێجگە لە د.مالیکی کاندیدی دیکەی نییە، بۆیە ئێستا سیناریۆی پێکهاتنی حکومەتی داهاتووی عێراق تا ئەوپەڕی ئاڵۆز بووەو پێناچێت بەئاسانی بکرێتەوە، هەندێك لە چاودێران وای دەبینن ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت، ئەوا عێراق دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی دەستووری و یاسایی و حکومەتی د.مالیکی شەرعیەتی دەستووری لەدەسدەدات، بەڵام دیسان لایەنی د.مالیکی جەخت لەوە دەکەنەوە حکومەتی ئێستا هەمان شەرعیەتی پێشانی ماوەو دەتوانێت نەك تەنیا حکومەتی بەڕێکردنی کاری ڕۆژانە بێت (حکومە تصریف الاعمال)، بەڵکو هەمان شەرعیەتی جارانی هەیە و ئەگەر پێکهێنانی حکومەتیش دوابکەوێت، ئەوە ئەم حکومەتە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حکومەتەکەی پێش هەڵبژاردنەکانی مارتی ڕابردوو نییە، ئەوەشی دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەم پێداگرتنەی مالیکی ئەوەیە کە لەدەستووری عێراقدا بەندێك نییە ماوەی حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە دیاری بکات، یان شەرعیەت لە حکومەت وەربگرێتەوە و وەك حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە پێناسەی بکاتەوە، بێگومان ئەمە ئیشکالیەتێکە و وەك پێشتر پسپۆرانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ئاماژەیان پێکردبوو، دەستووری عێراق ئەم کێشەی هەیە و مەسەلەی ماوەی حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی دەستنیشان نەکردووە، ئەمەش دەبێتە بیانوویەك بۆ ئەوەی حکومەت بەهەمان هێزی پێشوو بەبێ چاودێری پەرلەمان کاری خۆی بکات و ئەمەش مەترسی لەسەر داهاتووی حکومڕانی کوردستان دروست دەکات، بەهەرحاڵ ئەمە ئەو حاڵەیە کە مەترسی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێت و هیچ دوورنییە ئەگەر کێشەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت و لایەنە عێراقییەکان بیر لەپەنابردن بۆ چارەسەری دیکە بکەنەوە، سەبارەت بەم پرسە و تێڕوانینی پسپۆران بۆ واقیعی ئێستای عێراق بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر بێنجامین فریدمان تۆژەری باڵا لە پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا کرد و بەڕێزی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەربڕی: ((وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری عێراقییەکان هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی سەرکەوتوو. لەم ڕوانگەیەوە، نەئەمریکییەکان و نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانن چارەسەرێك بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنن. لە ڕاستیدا دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئێمە بەهۆی کشانەوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو و بەرەوپێشچوونی حکومەتی عێراقی و پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بەرەو داکشان دەچێت. ئەمریکییەکان مەیلی ئەوەیان هەیە موبالەغە لە توانای خۆیاندا بکەن بۆ کۆنتڕۆڵکردنی سیاسەتی ئەو وڵاتەی کە داگیری دەکات، پێموایە نابێت عێراقییەکان هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە. چارەسەری کێشەکانی عێراق لەخودی عێراقییەکان خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر مالیکی ئاشتیانە پۆستەکەی جێنەهێڵێت، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە گورزێکی گەورە لە دیموکراسیەت و شەرعیەت لە عێراقدا. سەبارەت بە داهاتووی عێراقیش بە داخەوە هەرگیز زۆر گەشبین نەبوومە بەسەرکەوتنی ئەو جۆرە حکومەتە لە

ەدەستووری
ڕاقدا بەندێك
نییە ماوەی
حکومەتی
ێوەبردنی کاری
نە دیاری بکات

ئەمریکییەکان
نەکۆمەڵگەی
نێودەوڵەتی
ناتوانن
چارەسەرێك
بەسەر
ێراقییەکاندا
بسەپێنن



## جامیس روسل بۆ گوڵان:

# عەللاوی شایستەی ئەوەیە دەرفەتی پێکهێنانی حکومەتی پێبدرێت بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیش بێت مافی ئەوەی هەیە شانسی خۆی تاقیبکاتەوە

عێراقدا. لەرووی مێژووییەوە، دەوڵەتەکان بە ئاسانی نابنە دیموکراسیەتی لیبراڵی، عێراق لەم رووەوە بەدەست نەبوونی زۆرێك لەوپێشمەرجانەوە دەناڵێنێت کە پێویستن بۆ ئەوەی ئەمجۆرە حکومەتە جێگیربکرێت. کەواتە بۆ من جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر دووبارە دەسەڵات بەشێوەیەکی نادیموکراتی پێگەی خۆی جێگیربکاتەوە)). ئەوەی پرۆفیسۆر فریدمان ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا ناتوانێت رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێت و ئەگەر عێراقییەکان خۆیان لەنێو خۆیاندا رێکنەکەون، ئەوا نە ئەمریکا نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچی پێناکرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا بۆ زانینی رای عێراقییەکان هەر بۆ ئەم راپۆرتە پێوەندیمان بە پەرلەمانتاری عێراقی وائل عەبدولەتیف کردوو سەبارەت بە ئاستی ئاڵۆزی کێشەکانی عێراق و مەسەلەی پێکنەهاتنی لایەنەکان، بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەروو: ((پێموایە نوخبە سیاسییەکەی ئیئتیلافی عێراق نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتن لەنێو خۆیاندا، واتە لەم رووەوە شکستەکە بۆ سەرکردایەتیە سیاسییەکە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان لە ١٥ بۆ ١٦ کەسایەتی تێپەڕناکات، نەك بۆ گەلی عێراق، گەلی عێراق شکستی نەهێناوە و لەم روانگەیەشەوە ئۆباڵی بەرپرسیارێتیەکە ئەخەمە ئەستۆی سەرکردە سیاسییەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق کە نەیانتوانیوە بگەنە رێکەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە)). سەبارەت بە سەردانەکەی جۆزیف بایدنیش بۆ عێراق و بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنە عێراقییەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە، وائیل عەبدولەتیف بۆ ئەم راپۆرتەی روونیکردەوە و وتی: ((پێموایە پەیامەکەی بایدن سێ مەسەلەی سەرەکی لەخۆگرتبوو، یەکەمیان بریتی بوو لە کۆمەڵێك پێشنیار و راسپاردە، دووەمیان کۆمەڵێ فەرمانی نیمچە مولزیم لە بارەی چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێیەوە، سێیەم ئەگەر نەتوانرا کار بە هیچ یەکێك لە دوو خاڵی یەکەم بکرێت، ئەوا پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق رووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێنەوە و لەبەردەم گەلی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا شکستی خۆیان بخەنەڕوو. پێموایە ئەمە هەڵوێستی ئەمریکا دەبێت ئەگەر هاتوو سەرکردە سیاسییەکان نەیانتوانی بگەنە رێککەوتن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا باش لە سرووشتی گەمەکە و لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان تێگەیشتوون و توانای جووڵاندنی مەسەلەکەیان هەیە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، هەروەها ئێمە دەزانین کە رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بناغەی هاوکاری کردن و یارمەتیدانی عێراقی دامەزراندووە لەلایەن ئەمریکاوە، واتە بەپێی ئەم رێککەوتنە ئەمریکا پابەندە یاخود بەپرسیارێتی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا لە ئەستۆیە. لەم روانگەیەوە بەرپرسیارێتی وڵاتانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیەکەی لاوەکیەوە و بەرپرسیارێتی ئەمریکا بەرپرسیارێتیەکەی ئەساسییە. دەکرێت ئەنجومەنی ئاسایش لەرێی راسپاردە و خستنەڕووی پێشنیارەوە هاوکاری عێراقییەکان بکات، بەڵام لەو باوەڕدانیم کارێکی زیاتری لەم رووەوە لەدەست بێت، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەگەر کۆبێتەوە دەتوانێت بڕیاری ستراتیژی دەربکات و بڕیار لەو سیاسەت و بەرنامانە بدات کە خواست و ویستی خەڵکی عێراقی لەسەرە. بێئەوەی پەنا بۆ ژوورە تاریکەکان ببردرێت بۆ بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی هەندێ پرس و مەسەلەی دیاریکراو کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراقدا نەدەگونجان)). ئەم حاڵەتەی پەرلەمانتاری عێراقی وائیل عەبدولەتیف باسی دەکات و ئاماژەکردنی بایدن بۆ ئەوەی لەکاتی شکستێهێناندا، سەرکردەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان شکستی خۆیان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخەنەڕوو، ئەو مانایەی لێدەخوێنرێتەوە کە ئەمریکا لەم پرۆسەی دیموکراتی عێراق نائومێد بووە و مەبەستی ئەوەیە شکستی پرۆسەکە بخاتە ئەستۆی عێراقییەکان و ئەوانی لێ بەرپرسیار بکات، سەبارەت بە نائومێدبوونی ئەمریکا لەم پرۆسەیە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جامیس روسل کرد تۆژەر لە ئامۆژگای



ریکا وا هەست
ات کە هەرچی
ر و کۆششێک
توانایدا بووە
نجامیداوە بۆ
ەی دیموکراسی
لە عێراقدا
پیادەبکرێت

کاتی ئەوە
اتووە لایەنە
یاسییەکانی
ێراق رێز لە
ەنجامەکانی
ڵبژاردن بگرن

دەریایی سەربازی ئەمریکا و سەرۆکی بەشی ئاسایشی نیشتمانی و تایبەتمەند لە ئاسایشی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداودا، سەبارەت بە تێڕوانینی ئەمریکا بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەم راپۆرتەی راگەیاند: ((ئێمە دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت کە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ هێنانەدی دیموکراسی دەستێوەردانی لە عێراقدا کردو ئێستاش کە ساڵی ٢٠١٠یە ئەمریکا وا هەست دەکات کە هەرچی کار و کۆششێك لە توانایدا بووە ئەنجامیداوە بۆ ئەوەی دیموکراسی لە عێراقدا پیادەبکرێت، لەبەر ئەوە تێڕوانینی ئێستای ئەمریکا ئەوەیە پێویستە ئەم پرۆسەیە تەسلیم بە عێراقییەکان بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا تەنیا رەخساندنی هەلومەرجە ئەمنییەکەیە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکەدا، واتە کاتی ئەوە هاتووە پرۆسەی حکومڕانیکردن بدرێتەوە دەست عێراقییەکان و عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و بەرپرسیارێتی رووبەڕووبوونەوەی تەحەددیە ئەمنی و ئابوورییەکان بگرنەئەستۆ، ئەمە بۆ ئەفغانستانیش راست و دروستە، مەبەستم ئەوەیە ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا تەنیا یارمەتیدان و هاوکاری کردنی ئەو وڵاتەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپرسیارێتی بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکە لە ئەستۆ بگرن، لێرەدا سنووورداری توانای ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم وڵاتانەدا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە پێموایە لە عێراقدا بەرپرسیارێتی شکست یاخود سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکە لە وڵاتدا لە ئەستۆی عێراقییەکان خۆیاندا و دەبێت خۆیان ئەم بەرپرسیارێتیە بگرنەئەستۆ)).

ئەوەی وائیل عەبدولەتیف لە زاری جۆزیف بایدنەوە ئاماژەی پێکردوو، ئەوەشی کە جامیس روسل لەم لێدوانە تایبەتە بەم راپۆرتەی گوڵانی راگەیاندووە لە خاڵێکدا جەخت لەسەر یەك مەسەلە دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە ئەمریکا دەیەوێت شکستی پرۆسە سیاسییەکە بخاتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان، هەندێك پێیانوایە ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا بۆ ئەوەیە بتوانێت لەکاتی خۆیدا و بەپێی ئەو خشتە زەمەنییەی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا دایناوە، لەکاتی خۆی بکشێتەوە، بەرپرسی دۆسێی ئاسایشی کەنداو لە ئامۆژگای دەریایی سەربازی ئەمریکا جامیس روسل سەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن: ((ئەوە راستە کە بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەی ئەمریکا پابەندبن بە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە عێراقدا، لەوەش زیاتر ئەوان لەسەر بنەمای بەڵێندان بە کشاندنەوەی ئەو هێزانە لە عێراقدا متمانەی دەنگدەرانیان بەدەستهێنا. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا نیگەرانە لە بەدی نەهاتنی بەرەوپێشچوونی پێویست لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا، هەروەها نیگەرانی هەیە لەبارەی ئەو هەلومەرجەی کە لەدوای کشانەوەکە دێتەئاراوە، مەبەستم ئەوەیە داهاتوویەکی پڕ لە کێشە چاوەڕوانی عێراق دەکات، ئەگەر هاتوو لەکاتی نائارامی سیاسیدا ئەمریکا هێزەکانی لەو وڵاتەدا کشاندەوە. کەواتە ئەمریکا لەم رووەوە عێراق بە وڵاتێکی گرنگ دەزانێت، لەبەر ئەوەی خوێن و داهاتێکی زۆری بۆ ئەم وڵاتە تەرخانکرد، هەروەها عێراقییەکانیش لەم رووەوە نەهامەتییەکی زۆریان چەشت، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی عێراق لە چەسپاندنی دیموکراسیدا-کە ئەمە خواستی ئەمریکا و خەڵکی عێراقیشە- دەبێتەهۆی ئەوەی عێراق ببێتە نموونەیەك بۆ باقی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، لەبەر ئەوە ئێمە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین و لە بەدی نەهاتنی هیچ بەرەوپێشچوونێك نیگەرانین. بۆیە ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لایەنە سیاسییەکانی عێراق رێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگرن، چونکە ئەگەر بە پێچەوانەوە رەفتار بکەن و رێز لەو ئەنجامانە نەگرن، ئەوا خەڵکی متمانەیان بە پرۆسەکە نامێنێت، ئێمەش دەزانین یەکێك لە لایەنەکانی دیموکراسی متمانەی هاووڵاتیانە بە پرۆسەکە. لەبەر ئەوە پێویستە عێراقییەکان سازشی پێویست بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددیاتانەی روویان لە وڵاتەکە کردووە، هەروەها دەبێت سازش بکەن لەپێناو پێکهێنانی حکومەتدا، چونکە خەڵکی پێکهێنانی حکومەتی




دەوێـــت، خەڵکی پێویســـتی بە حکومەتە و لە پێنـــاوی پێکهێنانی حکومەتیشـــدا دەنگیداوە)). بۆ زیاتر بەدواداچوون لەسەر مەترســـی شکســـتهێنانی ئەم پرۆســـەیە قسەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جاسۆن ریفلەر ئوستادی زانســـتی سیاسەت لە زانکۆی جۆرجیا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر باجی مرۆیی و دارایی ئەو شـــەڕانەی ئەمریکا لـــەدەرەوەی ســـنوور دەیکات، ســـەبارەت بەم پرســـە بەمجۆرە رای خـــۆی بۆ ئەم راپۆرتە خســـتەڕوو وتی: ((ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە ســـەرکەوتوو نەبێت، ئەوا ئەو ڕێککەوتنە سیاســـییەش هەرەس دەهێنێت کە لـــە ئارادایە. هـــەر لـــەم روانگەیەوە گرنگە عێراقییـــەکان بگەنە ڕێککەوتنێك لەســـەر پێکەوەژیان، بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین پرۆسەی پاشەکشـــەی هێزەکانی ئەمریـــکا بەردەوامە..بۆیـــە ئومێـــدەوارم عێراقییـــەکان بتوانن بگەنە سازشـــێکی سیاســـی، لەبەر ئەوەی شکستهێنانیان لەم ئەرکەدا سەردەکێشـــێت بۆ ســـەرهەڵدانی توندوتیژییەکی سیاسی بەربڵاو)). سەبارەت بـــە کەمکردنەوەی بایەخـــی ئەمریکا بە عێراق و زیاتر بەیاخدانیشی بە ئەفغانستان، پرۆفیسۆر ریفلەر وتی: ((رەنگە نەتوانین بڵێین وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی تەرکیزی خۆی گۆڕیوە و هیچ بایەخێـــك بە عێراق نـــادات، هەرچەندە لە هەمـــان کاتتدا دەتوانیـــن رایبگەیەنین کە تـــا رادەیەك رای گشـــتی ئەمریکا پتر تەرکیز لەسەر ئەفغانستان دەکات، ئەمەش بەرەوپێشـــچوونێکی ئیجابیە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بە سرووشتی خۆیان تەرکیز لەسەر ئەو هەلومەرجانە دەکەن کە بەرەو ئاڵۆزبوون و خراپبوون رێگەیان گرتـــووە. بۆ نموونە ئەوکاتەی شـــەڕێکی ناوخۆیی بەربڵاو لە عێراقدا لە ئارادابوو خەڵکی ئەمریکا زیاتر بایەخیان بە چۆنییەتی بەرەوپێشـــچوونی رەوتـــی رووداوەکان دەدا لە عێراقدا، بەڵام ئێستا شـــتێکی سرووشتیە کە گرنگیەکی زیاتر بە ئەفغانستان بدرێت نەك بە عێراق، لەبەر ئەوەی بارودۆخی عێراق بەرەوپێشچووە لە کاتێکدا هەلومەرجی ئەفغانستان زیاتر ئاڵۆزبووە)).

### ئەگەر د.مالیکی دەستەبەرداری پۆستەکەی نەبێت هەموو ئەگەرەکان دێنە ئاراوە

هەمـــوو ئـــەم کێشـــانەی ئێســـتا عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەوەیە کە د.مالیکی نەوەك دەنگ هێنان ئـــەو دەنگەی هێناوە کە لیستی یەکەم بێت و پەرلەمان بتوانێت راپیســـپێرێت بۆ ئەوەی کابینەیەکی نوێ پێکبهێنێت، نە بوار بە د.عەللاویش دەدرێت کـــە وەك لیســـتی یەکەم بـــۆ پێکهێنانی حکومەت رابســـپێرێت، هەروەها لیســـتی دەوڵەتی یاسا نە لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی شیعەش لەسەر کاندیدکردنی کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران رێکدەکەوێت، بە واتایەکی دیکە کلیلی یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە و کردنەوەی دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم قەیرانە، پەیوەستە بە یەکلایکردنەوەی پۆستی ســـەرۆك وەزیران. بۆیە سەبارەت بەم کێشـــەیە پەرلەمانتاری عێراقی وائیل عەبدولەتیـــف بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو وتی: ((ئەگەر ئەم دوو لیســـتە «دەوڵەتی قانـــوون و ئیئتیلافی نیشـــتمانی» وەك هاوپەیمانێتیەکـــی یەکگرتـــوو بێنە نـــاو پەرلەمانەوە، ئەوا بە دڵنیاییـــەوە دەتوانن ئەرکـــی پێکهێنانی حکومەت بگرنە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر هەر چوار کوتلە گەورەکـــە، (دەوڵەتی قانوون، ئیئتیلافی نیشتمانی و لیستی ئەلعراقییە و هاوپەیمانی کوردستانی) بێ پێکهێنانی هیچ هاوپەیمانێتیەك لەگەڵ یەکدا بێنە ناو پەرلەمانەوە، ئەوا بێگومان بەرپرســـیارێتی پێکهێنانـــی حکومـــەت رووبـــەڕووی د.عەللاوی دەکرێتـــەوە بە حوکمی ئەوەی لیستەکەی زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە. بۆیە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، واتە ئەو ســـەرکردە سیاســـییانەی هەر لە ســـاڵی ٢٠٠٣ەوە جڵـــەوی کاروبارەکانیان بەدەســـتەوەیە، دەیانەوێت دیموکراسیەت لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکەنەوە و پرۆســـە سیاســـییەکە بە ئاراستەیەکی هەڵەدا ببەن و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق چیتر باوەڕیان بە دیموکراســـی و بە پرۆسە سیاســـییەکە و بە سیاسییەکانیش نەمێنێـــت. با ئێمە لە پەیامەکانی خەڵکی عێراق و لە پەیامەکانی جیهانی دەرەوە

## جاسۆن ریفلەر بۆ گوڵان:



# ئەگەر عێراقییەکان لە نێو خۆیاندا نەگەنە ڕێککەوتن داهاتووی پرۆسە سیاسییەکە دەکەوێتە مەترسییەوە

هەوڵدان بۆ
پێکهێنانی
اوپەیمانێتی
ئەنجامدانی
نۆڕی سیاسی
یەکێکە لە
ڕواڵەتەکانی
دیموکراسی

تێبگەین و با بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکەین کە ڕێز لە ئیرادەی خەڵك بگرین کە نەهامەتیەکی زۆری چەشتووە. تاکە دەستکەوتی ئێمە بارودۆخە دیموکراتیەکەیە، ئەگەر ئەم بارودۆخەش لەدەست بدەین، ئەوا ئەمە بە مانای ڕوودانی کارەسات دێت کە یەکەمجار ئەم کارەساتە ڕوودەکاتە سیاسییەکان و دواتر خەڵکی عێراق)).

سەبارەت بەوەشی ئایا ئێستا حکومەتەکەی د.مالیکی حکومەتی شەرعیە یان حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەیە، وائیل عەبدولەتیف ئاماژە بە نامەیەکی ئەمریکا دەکات بۆ حکومەتەکەی مالیکی بەوەی بە حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە وەسفکراوەو لەمبارەوە بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاند: ((ئێمە دەزانین کە هەموو ماددەکانی دەستوور یەکتر تەواو دەکەن، هەروەها بەپێی دەستوور و بە ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ لە ١٤ی مانگی شەشدا، ئێستا کاری سەرۆکایەتی کۆمار کۆتایی هاتووە، هەروەها کاری حکومەتی عێراقیش کۆتایی هاتووە و لەم ڕووەوە کۆنگرێسی ئەمریکا بێئاگا نییە کاتێك لە نامەیەکدا وەك حکومەتێك کە ویلایەتەکەی کۆتایی هاتبێت موخاتەبەی حکومەتی ئێستای عێراق دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم حکومەتە حکومەتی کار ڕاییکردنە (تصريف الاعمال) و تەنیا بۆی هەیە کاروبارەکانی ڕۆژانەی وڵاتەکە بەڕێوەببات، تاوەکو حکومەتی نوێ پێکدەهێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە پێموایە بانگەشەکردنی ئەوەی حکومەتی ئێستا تەواوی سەڵاحیەتەکانی لەدەستدایە، تەفسیکردنێکی نادروستی دەستوورە، یاخود بڵێین تەفسیری حکومەتی ئێستایە بۆ دەستوور. بێگومان مالیکیش یەکێکە لە داڕێژەرانی دەستوور، یەکێکە لە داڕێژەرانی بنەمای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، لەبەر ئەوە مەعقول نییە ئەوانەی پێشتر ئەم بنامەیەیان داڕشتبێت ئێستا هەڵبستن بە پێشێلکردنی. ئەگەر مالیکی ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر، ئەوا کارێکی نادروست و ناڕاستی کردووە کە نە لەگەڵ بارودۆخی نوێی عێراق و نە لەگەڵ ئەحکامەکانی دەستووردا دەگونجێت)).

هەر سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر جامیس روسل بۆ ئەم ڕاپۆرتەی ڕوونکردەوە و وتی: ((ماوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی پێشوو و حکومەتی نوێدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە ئەم ئاڵوگۆڕە لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا نزیکەی ٣ بۆ ٤ مانگ دەخایەنێت لە کاتێکدا لە وڵاتی بەریتانیا تەنیا چەند ڕۆژێك دوای هەڵبژاردنەکان حکومەتی نوێ دەست بەکار دەبێت. لێرەدا گرنگ ئەوەیە ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەران بگیرێت، ئەمە سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ تەحەددی بەپەلە، بۆ نموونە لە بەریتانیادا کار بۆ کەمکردنەوەی بودجە کرا، کە لەم ڕوانگەیەوە دەبێت لە عێراقدا کار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بکرێت. کەواتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و ئەنجامدانی مانۆڕی سیاسی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی دیموکراسی، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە بەریتانیاشدا بەدی کرد، هەرچەندە ئاشکرایە کە سرووشتی پرۆسەکە لە عێراقدا ئاڵۆزترە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان بگەنە سازشێك لەسەر پرس و مەسەلە بنەڕەتییەکان. هەروەها لەم ڕووەوە پێموایە ئەگەر شیعەکان نەتوانن درێژە بە هاوپەیمانێتیەکەیان بدەن و ناکۆکییەکانیان یەکلاکەنەوە، ئەوا عەللاوی شایستەی ئەوەیە یاخود مافی خۆیەتی دەرفەتی پێکهێنانی حکومەتی پێبدرێت، هەرچەندە ئێستاش بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن مافی ئەوەی هەیە شانسی خۆی تاقیبکاتەوە و دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت هەوڵی پێکهێنانی حکومەت بدات. لەبەر ئەوە دەبێت مالیکیش ڕێز لە ئەنجامەکان و ڕێز لە ئیرادەی خەڵك بگرێت، ڕەفتارکردن بە پێچەوانەوە دەبێتەهۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر پرۆسە دیموکراتیەکە کە هێشتا لەسەرەتای بەرەوپێشچوونیدایە، هەروەها هێشتا چەندین کێشەی و توندوتیژی لە وڵاتەکەدا بوونیان هەیە. کەواتە ڕێزگرتن لە ئەنجامەکان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشە بەپەلەکان و بە ڕەوتێکی خێراتر)).

ڕێزگرتن لە
ئەنجامەکان
دەبێتە هۆی
ارەسەرکردنی
ە بەپەلەکان و
ەوتێکی خێراتر

# وائیل عەبدولەتیف بۆ گوڵان:



# حکومەتی ئێستا حکومەتی بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەیە و ئەمریکییەکانیش هەر بەو جۆرە قسەیان لەگەڵ حکومەتی مالیکی کردووە

**رۆڵی کورد لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا**


ئـــەوەی جێگەی خۆشـــحاڵییە کـــورد لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا بەشـــێك نییە لە کێشەکە و بەشێکە لە چارەسەر، هەروەها لەبەر ئەوەی رێژەی کورســـییەکانی ٥٧ کورســـیە و بە لیســـتی چوارەم دێـــت و لەگەڵ هیچ کام لە لیســـتەکاندا ناتوانێت رێژەی یاسایی بۆ پێکهێنانی حکومەت مسۆگەر بکات، بۆیە کەم تـــازۆر لە کێشـــەی یەکلاییکردنەوەی پۆســـتی سەرۆك وەزیراندا نەبۆتە لایەنێك و رایگەیانـــدووە کە توێژە جدییەکانی لەدوای دەسنیشانکردنی پۆستی سەرۆك وەزیرانەوە دەست پێدەکات و مەرجی خۆشی بۆ بەشدار بوون لـــە حکومەتی داهاتـــووی عێراقدا راشـــکاوانە بەهەموو لایـــەك راگەیاندووە، کـــە بریتین لە پابەندبوون بە دەســـتوور و دانەوەی پۆســـتی سەرۆك کۆمار بە کورد، وێـــڕای ئەم واقیعەش، بـــەڵام هیچ کام لە لایەنـــەکان ناتوانن بەبێ بەشـــداری کورد حکومـــەت پێکبهێنن، لەبـــەر ئەوەی کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقە و یەکێکە لە دوو نەتەوە ســـەرەکییەکەی عێراق و ئەگەر کورد لـــە حکومەتی داهاتـــووی عێراقدا بەشـــدار نەبێت، ئەوا ناسنامەی نیشتمانی عێراق ئاراســـتەیەکی دیکـــە وەردەگرێت، ســـەبارەت بە بایـــەخ و رۆڵی کـــورد لەم پرۆســـەیەدا وائیـــل عەبدولەتیف بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆ ئەم راپۆرتە خســـتەڕوو: ((هەندێ جار برا کوردەکان ســـەقفی داواکارییەکانیان ئەوەندە بەرز دەکەنەوە کە گومان دروست دەکات، بۆ نموونە بە مەرجگرتنی بەدەستهێنانی پۆستی ســـەرۆك کۆمار و لەســـەدا ٢٥ی پۆستە حکومییەکان لەلایەن کوردەکانەوە پرۆسەکە دووچاری شڵەژان دەکات و متمانەی نێوان لایەنەکان کەم دەکاتەوە. لەبەر ئەوە هیواداریـن کـــوردەکان بێ هیچ پێشـــمەرجێك بێنە ناو پرۆسەکە و ئەو کاتە دەتوانن رۆڵی «بیضە القبـــان» ببینن، هەروەهـــا دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە لێکنزیککردنـــەوەی لایەنەکان و یەکلاکردنەوەی پرۆســـەکە بە ئاراستەیەکی دیاریکـــراودا ئەگـــەر هاتـــوو بڕیـــاری پاڵپشـــتیکردنی لایەنێکـــی دیاریکراویاندا لەپێناو باشـــترکردنی پێگەی سیاســـی و هەلومەرجی دیموکراتی خۆیان)).

ئـــەم بۆچوونە بۆچوونێکی راشـــکاوانەی هەندێك لایەنی عەرەبی عێراقییە کە هەمیشە بە گومانەوە ســـەیری داواکارییەکانی کورد دەکـــەن، لەکاتێکدا کـــورد بێجگە لە مافە دەســـتوورییەکانی خۆی، داوای شـــتێکی دیکەی نەکـــردووە، هەر بۆ بەبیرهێنانەوەی خوێنەرانـــی ئـــەم راپۆرتە، رێـــژەی ئەو دەنگانەی لیستی ئەلعراقیە بۆ بەدەستهێنانی ٩١ کورســـی هێناویەتی، شتێکی ئەوتۆی لـــەو دەنگانە زایاتر نییـــە کە کورد بۆ ٥٧ کورسی هێناویەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو کورسییەکی فراکسیۆنی کوردستانی بەرامبـــەر زیاتـــر لە ٤٣ هـــەزار دەنگە و کورســـییەکی لیســـتی ئەلعراقیە بەرامبەر ٢٦ هـــەزار دەنگە، بۆیـــە کاتێك داوای لە ٪٢٥ی پۆســـتە وەزارییەکان دەکات، رێژەی دەنگەکانی کە دەکاتە رێژەی دانیشتووانی کورد لە عێراقدا ٪٢٥ زیاترە و بەرز دەبێتەوە بۆ ٪٢٧_٢٨، بـــەڵام لەبەر ئەوەی رێژەی کورسییەکانی فراکسیۆنی کوردستان کەمترە عێراقییەکان لەبەر ئـــەوەی لەبەرژەوەندیان نییـــە، رێژەی دەنگەکان پشـــتگوێ دەخەن و کار بە ژمارەی کورســـییەکان دەکەن، خۆ ئەگـــەر ئەم هاوکێشـــەیە پێچەوانە بوایە و فراکسیۆنی کوردستانی لە جێگەی لیستی ئەلعراقیـــە بوایە، ئەوا ئـــەو کاتە ژمارەی کورسییەکان پشتگوێ دەخراو کار بەرێژەی دەنگدان دەکرا، هەربۆیە لەمبارەوە لە جامیس روسلیشمان سەبارەت بە پێگەی کورد پرسی و لەوەڵامدا پێـــی راگەیاندین: ((کوردەکان رۆڵێکـــی گرنگیان بینی لە پرۆســـەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا و بەردەوامیشـــن لە بینینی ئەو رۆڵە، هەروەها هەر لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە جۆرێك لە رێککەوتنی سیاســـی هەبووە لەنێوان کورد و شـــیعەکاندا لەســـەر حکومەتی نیشـــتمانی لە بەغدا و لەســـەر بەردەوامبوونـــی ئـــەو ئۆتۆنۆمیـــەی کە کوردەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەی دەبەن، ئێستاش کە سوننەکان بەشدارییەکی زیاتـــر و راســـتەوخۆی پرۆســـەکە دەکەن، کـــوردەکان رۆڵێکـــی گەورەیـــان دەبێت لە لێکنزیککردنەوەی شـــیعە و ســـوننەکان و دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوانیاندا و گەیشـــتن بە سازشێك بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانی نێوانیان)) .

مەرجگرتنی
بەدەستهێنان
پۆستی سەرۆ
کۆمار و لەس
٢٥ی پۆستە
حکومییەکان
لەلایەن
کوردەکانەو
پرۆسەکە دووچ
شڵەژان دەکا

کوردەکان رۆڵ
گەورەیان دەبێت
لێکنزیککردنەو
شیعە و سوننە
و دروستکرد
پردی پەیوەندی
نێوانیاندا

# سیاسەت و ئابووری عێراق لەناو قەیرانێکی دروستکراودان



کازم حەبیب

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویێتی**

ئامانجی ڕاستەوخۆی وتارەکەی (الضاری) زیادکردنی توندوتیژی و فراوانکردنی ململانێ ئیتنییەکان و بانگەشەکردنی بەردەوامی خوێن ڕشتن و ئازاردانی عێراقییەکانە

دیمانەی تایبەت

گوڵان

ژمارە (٧٩٠) ٢٠١٠/٧/١٩

٤٠

هەرلەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییەی (٢٠١٠)ی عێراقدا، کۆمەڵگەو دەوڵەت و حکومەتی عێراقی لەناو قەیرانێکی سیاسی ئاڵۆزدا گیرسانەوە، لیستە براوەکانی هەڵبژاردن لەئاست چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەدا دەسەوسانن، بەتایبەت لە دۆزینەوەی ئەو کەسایەتییەی دەبێتە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، هەمووان لەچاوەڕێی گۆچانێکی سیحریدان تا ناکۆکی نێوان هەردوو لیستی ( ئەلعێراقییە و دەوڵەتی قانون) چارەسەر بکات، ئەمە لەلایەك و، هەروەها لەلایەکی ترەوە لەنێوان دەوڵەتی قانون و هێزەکانی تری هاوپەیمانی نوێی نیشتمانی کە لەم دواییەدا ماڵی شیعەکان دروستیان کردووە، هیچ دەروازەیەك بۆ چارە نەماوەتەوە بێجگە لە فشاری میللی نەبێ کەوا لێکدەدرێتەوە ئەم فشارە بەرزتر بێتەوەو هێزە براوەکان ناچار بکرێن خێرا بکەن بۆ دامەزراندنی حکومەت، بەپێی بەرنامەیەك دەخوازرێت مرۆڤ نەکەوێتە داوی هۆزگەرێتییەك کە تێیدا ئازاری ناسنامەی وڵات و هاووڵاتی بوون بدرێت.

لەملاشەوە هێزەکانی تیرۆر ئەم قەیرانەیان قۆستۆتەوەو، بەهۆی گرفتی بەردەوام و ململانێ و بۆشایی سیاسییەوە چالاکییە دوژمنکارەکانیان دژ بە چین و توێژەکانی گەلی عێراق زیاتر کردووە، هێزەکانی تیرۆر دوای ئەوەی چەند زەبرێکی کوشندەیان پێکەوتبوو بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەرەو وزەو توانایان بەگەڕ کەوتۆتەوە،، ئێستا چالاکییە خوێنڕێژییەکانیان لە چەند دەڤەرێکدا ئەنجام دەدەن کە کەس لەو بڕوایەدا نەبوو بەم چڕی و سەربەستبوونی هەڵسوڕان و دڕندەییە زەبر لە گەلی عێراقی بدەن..

ئەم بۆشاییە سیاسییەی ئێستا لە ئارادایە گرفتە ئابوورییەکانی قووڵتر کردۆتەوە، کە پێشتریش ئابووری عێراق پێوەی دەینالاند، لەناوچەکانی ناوەندو باشووری عێراق و موسڵدا بژێوی زۆربەی دانیشتووان زەحمەتتر بووە، بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوو حکومەت بایەخی بەگرفتە ئابوورییەکان نەداوەو کاتێکی تەرخان نەکردووە بۆ دانانی ستراتیژییەتی پەرەپێدانی نیشتمانی، وەزارەتەکان بەهەڕەمەکییانە کاریان کردووە، بەپێی تێڕوانینی هەندێك بەرپرس لەکەرتە ئابوورییەکاندا،کە میتۆدو ڕوانینێکی لیبرالیانەی تازەیان پێشکەش دەکرد بێ ئەوەی بنەماو ئامرازەکانی ئەم میتۆدە سەرمایەدارییە پەرگیرە لەناو وڵاتدا زەمینەی سازانی هەبێت..

کاتێ گوێبستی وەزیری پلاندانان بووین کە لێدوانی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان دەدا و گوێمان لە دووپات بوونەوەی سکاڵاکانی بوو، لەسەر نەبوونی ستراتیژییەتێ بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە عێراقدا، دەمانپرسی : پاشە کێ لە دانانی ستراتیژییەتێ بۆ پەرەپێدانی نیشتمانی بەرپرسە، داخۆ وەزیری پلاندانان و دامودەزگا هونەرییەکانی نییە؟

بەر لەهەرکەسێ ئەرکی ئەم وەزیرەیە، بۆ دانانی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆڤایەتی دامودەزگا هونەرییەکانی بەهاریکاری وەزارەتە پێوەندارەکانیتر ئەکتیڤ بکات، دواتر بەرنامەو کارەکانی بەپێی پلانێکی پێنج ساڵە دابەش بکاتە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت، ئەمەش وەك پرۆژەیەك پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت تالەوێ لەدوای گفتوگۆ لەسەرکردن بڕیاری پێ دەربکەن دواتر بەرزبکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران تا ببێتە یاسا، سکاڵاکانی وەزیری پلاندانان سەیروسەمەرەن، هەموو شتێ لەم عێراقە دا سەیروسەمەرە بووە، ئەو پیاوێکی پسپۆر زانی ئابوورییە پێویستە ئاگای لە ئەرکە ئابووری و هونەرییەکانی خۆی بێت، تۆ بڵێی کەسێ دەست نەکەوێ بۆ ڕێکخستن و پاڵپشتیکردنی کارەکانی، هەموو ئەو بەڵگانەی لەبەردەستمانە ئاماژەن لەسەر ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی کەرتە ئابوورییەکان لەعێراقدا بەمیتۆدی لیبرالییەتی نوێ شاگەشکەن، دەپرسم هەڵبژاردنی ئەو میتۆدە بۆ سیاسەتی ئابووری عێراق لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت چی لێ شین بۆتەوە؟ لیبرالییەتی نوێ خوڵقاوی ئەمڕۆ نییە، بەرهەمی قۆناغێکە لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ئێستا هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،بەڵام بنەما گشتییەکانی وەك خۆیین، لەمبارەیەوە (میلتۆن فریدمان)ی ئەمەریکی و (فردریك ئۆگەست هایك)ی نەمساوی لەچلەکانی سەدەی بیستەمەوە بیرۆکەی لیبرالییەتی نوێیان بەبێ توانا ناوبردووە، چونکە چارەسەری ئەو دارمانە ئابوورییەی بێ نەکراوە کەبەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کەوتەوە، هەروەها لیبرالییەتی نوێ نەیتوانیوە چارەسەری قەیرانی پووکانەوەی گشتی و بێبازاڕی ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٣ بکات، گەرچی ( جۆن مینارد کینز) لە پێگەی سەرمایەدارییەوە هەردووکیانی لەسێرە ناو ڕەخنەی لێگرتن، بەڵام هەردوو زانا جەختیان لەسەر هێزی بازاڕی ئازاد دەکردەوە، کینز بەپێچەوانەی ئەوانەوە جەختی لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت دەکردەوە بۆ جووڵاندنی چالاکی ئابووری و تێپەڕاندنی قەیرانەکەو گێڕانەوەی باری تەندروستی ئابووری جیهانی، ئەو کاتە بەسەردەمی بێکارییە گەورەکە ناسرابوو، ئاستی بژێوی خەڵك ناهەموار بوو، هەمووان بەگومان و ترسەوە لەداهاتووی نادیاریان دەڕوانی ( لەمبارەیەوە بگەڕێینەوە بۆ : ئۆل ریش شیفەر، دارمانی سەرمایەداری — گۆڤاری مەعریفە ژمارە ٣٧١ ساڵی ٢٠١٠ و چەند سەرچاوەیەکی دیکە).

لیبرالییەتی نوێ لەعێراقدا ئەم پێشهاتانەی لێ چاوەڕوان دەکرێت :(١- خۆبەستنەوە بەجێبەجێکردنی میتۆدی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی کە ناسراوە بە( سیاسەتی چەسپاندنی ئابووری و خۆگونجانی پەیکەربەندی ئابووری)، ئەمەش لەگەڵ واقیع و پێداویستی ئابوورییانەی عێراقی وێك نایەتەوە. ٢-دوورخستنەوەی دەوڵەت لەچالاکییەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری یان دامەزراندنی کەرتی ئابووری دەوڵەتی. ٣- بەتایبەتیکردنی هەموو پرۆژە ئابووری و خزمەتگووزارییەکانی دەوڵەت بەشێوازێك

دامــودەزگای دەوڵەتی کاریان بەســەریانەوە نەبێــت. ٤- خۆدزینەوەی دەوڵەت لەچاودێری کۆمەڵایەتــی واتە فەرامۆشــکردنی خاوەن پێداویســتی تایبــەت و هــەژاران و خێزانە رەنجبــەرەکان و ســپاردنی ئــەم ئەرکانــە بەکەســانیتر . ٥- دوورخســتنەوەی عێــراق لەپرۆسەی چاکسازی کشــتوکاڵی هاوکات پڕکردنــی بنکەکانی توێژینەوەی زانســتی بەتیۆری بێ پراکتیك. ٦- بەردەوامبوون لەسەر هێنانی کەلوپەل لەبــازاڕە نێودەوڵەتییەکانەوەو پڕکردنەوەی بازاڕی ناوخــۆ بەو کەلوپەلانە. ٧- هاندانــی سیاســەتی کرانــەوەی بازاڕ لەئاڵوێری بازرگانی دەرەکی و رەتکردنەوەی دانانی ئاســتەنگ و بەربەست بۆ پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆ، کە زۆر پێویستی بەپاراســتنی گومرگی هەیە. ٨ – جێبەجێ نەکردنــی سیاســەتی دارایی پشتبەســتوو بەبنەمای باجی داهاتی راستەوخۆ، کەئەمەش زەحمەتییەکانــی ژیانی هــەژاران ئاڵۆزترو زیاتــر دەکات و هاوکات خۆشــگوزەرانی بۆ دەوڵەمەندەکان باشتر دەبێت .

بەپێــی هەموو ئاماژەکان وا دەردەکەوێت کەلە وڵاتانــی ئەمەریکای لاتینــی و ئەفریقیاو ئاسیادا سیاسەتی لیبرالییەتی نوێی ئابووری وەك دیاردەیەکی تەشــەنەکردوو بووەتە هۆی دروســتبوونی کەلێنێك لەنێوان دەوڵەمەندان و هــەژاران، تای تەرازووەکــەش بەبەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان داکەوتووە.

تەشەنەسەندن و سەرهەڵدانی کەلێنێکە لەنێوان داهاتی دەوڵەمەندان و داهاتی هەژاراندا تای تەرازووەکەشی بەبەرژەوەندی دەوڵەمەندەکاندا قورس دەبــێ و دواتر کەلێنەکە گەورەتر دەبێ و بەئاستێکی شــاقووڵی دێتە خوارەوە بۆناو کۆمەڵگــە، ئەمــەش بەرۆڵی خــۆی بەرەو ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی پەلکێشمان دەکات، رۆژگاریش دەیکاتە ململانێیەکی سیاســی و ناکۆکی چینایەتی. ئایا ئەم سیاســەتەیە کە عێراق پێویستی پێیەتی دوای ئازادبوونی لە رژێمــی دیکتاتۆرو چــوار جەنگی گەورەی ناوخۆو دەرەکی وێرانکارو چەوســاندنەوەیەکی بێ وێنەی چینەکانی ؟ لەهەموو حاڵەتەکاندا بەپێویســتی نازانــم، کەس نییە پاز بەســەر ســەرمایەداریدا پاز بــدات و بەجێی بهێڵێ، ئەرکی دەوڵەتیــش نییە بەرەڵڵایــی بنێتەوە بەهۆی بوار رەخساندنی بۆ هێزەکانی بازاڕی ئازادی بێ کۆنترۆڵ کە گرفتە سیاســی و ئابووری و کۆمەڵایەتییــەکان دەخوڵقێنێت و کێبرکێی چینایەتی قووڵتــر دەکەنەوە و پایە کومەمەڵایەتییەکان بێ بایەخ دەکەن..

هێزو رەگەزە بەرگریکارەکان ئەوانەی بەرگری لــە میتۆد دەکــەن و، ئاگایــان لەئەنجامە ترسناکەکانی نییە پێی دەحەسێنەوە...

بەشــێوەیەکی گشــتی لیبرالییەتی نوێ بۆ سێ خانەی سەرەکی دابەش دەبن: *- خانەی ئەوانەی درك بەچەمکــی لیبرالییەتی نوێ ناکەن و ئاکامە ترسناکەکانی لەسەر کۆمەڵگاو پێوەنــدی نێوان توێژە کۆمەڵایەتییەکان نازانن بۆ ئەم قۆناغە ناســکەی پەرەسەندی عێراق ئەمەیــان خراپترینیانــە، چونکــە کارێکی ناعەقڵانییــە کەســێکی سیاســی خۆی بە میتۆدێکــەوە ببەســتێتەوەو لەکاتی پراکتیك پێکردنیدا درك بە ئاکامەکانی نەکات..

**- خانەی کەسانی ناچاربوو بەجێبەجێکردنی ئــەم میتۆدەوە بەهۆی بەســتنەوەی ئیرادەی خۆیانــەوە بــەو هێــزە نێودەوڵەتیانەی کە لە ئامێزیــان دەگــرن و لە رووی سیاســییەوە ئینتمای بۆ دەکەن..

***- خانــەی ئەوانــەی فیکرو میتۆدێ تەبەننا دەکەن کەلەگەڵ هێزی لیبرالی نوێی وڵاتانی پێشــکەوتوو دەگونجێــن، بەتایبەتی ئەمەریکا، ئەمەش لە پێگەکانی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانــی وڵاتانی زلهێزدایە نەك بەرژەوەندی ئابووری نیشتمانی.

وازهێنــان لــە هێــزی بــازاڕێ کــە رۆڵی ئەکتیڤانەی خۆی لەکاری ئابووری ببینێ بەو واتایە نایەت کە لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا هەیــە، چونکە ئەم رۆڵــە وادەکات لەلایەکەوە عێــراق بەدواکەوتوویی بهێڵێتەوە وەك وڵاتێکی بەکارهێنەر، کەبەتەنیا پشــت بەداهاتی نەوت ببەســتێت بۆ داپۆشــینی بەهای کەلوپەل و شمەکی هێنراو ئەمەش بەرهەمهێنانی ناوخۆیی ناژێنێتەوە، چ پیشەسازی بێ یان کشتوکاڵی، هەروەها پەرە بەبەرهەمهێنان نادات، سەرمایەی پێویســت کەڵەکە نــاکات کە بــۆ خێروبێری بەرهەمــی نەتەوایەتی و داهاتی نیشــتمانی عێراقی ســوودی لــێ وەردەگیرێت، ئەمەش بەواتای بەردەوام بوونی بێکاری و بڵاوبوونەوەی سلبیاتەکان لەناو کۆمەڵگادا، هەروەها بەواتای پاشــکۆ بوونی پرۆســەی ئابووری عێراقی بــۆ ئابوورییەکــی نێودەوڵەتــی جیهانگیر، دواتر ئەو ئاکامە ســلبیانەی کە بەهۆی ئەو پاشــکەوتایەتییەوە دەکەوێتەوە. ئەو کەســەی حوکم لەعێراق دەگرێتە دەست بەبەرچاوی روون بێ بۆ مەســەلەی کۆنترۆڵکردنی دەرامەتی دارایی کە لەنەوتی خاوەوە چنگ دەکەوێت .

مەرجە بــۆ پەرەپێدانــی ئابوورییەك کە لە رێی دەوڵەتــەوە بکرێت بەپێی ئەم ئاراســتە بنەرەتییانەی خوارەوە بێت:

١- بەکارهێنانــی ئــەو دەرامەتانــە بــۆ تازەکردنەوەی کەرتی پیشەســازی پێترۆلی، هەروەهــا زیادکــردن و دەستنیشــان کردنی ئاســتی بەرهەمهێنانی پێترۆل و بەستنەوەی بەپێداویستییە گرنگەکانی ساڵانەی عێراق تا ببێتە یەدەگێکی گونجاو بۆ پاڵپشتی کردنی بەهــای دراوی عێراقی، پێتــرۆل کانزایەکی سروشــتی وایە کە تەنیا بۆ ئەمرۆ پێویستمان نابێ، بەڵکو بۆ وەچەکانی داهاتوو پێویســتە، ناشــبێت ببێتە ئەو جێگرەوەیــە بۆ دەرامەتی تر..

٢- دەوڵەت سێ مەسەلەی گرنگ بۆدانانی ســتراتیژییەتی پەرەپێدان بخاتە پێش چاوی خۆی:

- گۆڕیــن و بنیاتنانــی ژێرخانی ئابووری نیشتمانی.

- گرنگیــدان بەپلاندانانــی هەرێمایەتی و جوگرافی یان هەماهەنگی ئەکتیڤانە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردســتان و حکومەتی فیدراڵیدا، هاوکات تەنسیق کــردن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکاندا .

- بەستنەوەی پەرەپێدانی ئابووری بەپەرەپێدانی مرۆیی، واتە بەپەروەردەو خوێندن و کەڵچەرو توێژینەوەی زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك.

٣- پەرەپێــدان و چاککردنــەوەی کەرتــی پیشەسازی کشتوکاڵی بەشێوەیەك لەگۆڕینی ژێرخانی ئابووری و نیشتمانی و کۆمەڵگەدا هاوبەش بن لەپێناو دروستکردنی ژێرخانێکی نەتەوەیی تا ئابــووری بەکارهێنەر بگۆڕن بۆ ئابووری بەرهەمهێنەر.

٤- هاوبەشــیکردن لــە پەرەپێدانــی کەرتی خزمەتگوزاری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری گشتی بەئاســتێ بتوانێ پێداویستی خەڵکی دابین بــکات، هەروەها یارمەتیــدەر بێت بۆ پاڵپشــتیکردنی کەرتی گشــتی حکومەت و هەردوو کەرتی تایبەت و بیانی، کار ئاســانی بکات بۆ هاتنە ناوەوەی وەبەرهێنەری بیانی..

٥- دەوڵەت بەشــداری بــکات لەپەرەپێدانی دەزگاکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، مەعقوول نییە دەوڵەت دەســتبەرداری ئــەم ئەرکە بێت گەر نا دەکەوێتە ســەر سکەی ئەو وڵاتانەی میتۆدی سەرمایەداری هەلپەرستن..

٦- ئــەم ئاراســتەیە زەمینەســازی دەکات بــۆ چالاکــی کەرتــی تایبــەت و ناکرێت دەوڵەتێکی وەك عێــراق واز لەئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانــی بهێنــێ، دواتــر ئەم ئاراســتەیە بەربەســت نایێــت لەرێی زامن کردنــی ئامرازەکانی بزاڤی کەرتی تایبەت و بیانی بەپێی رِوانینێکی ســتراتیژی روون بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئامانجدار لەعێراقدا.

**بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو حکومەت بایەخی بەگرفتە ئابوورییەکان نەداوەو کاتێکی تەرخان نەکردووە بۆ دانانی ستراتیژییەتی پەرەپێدانی نیشتمانی، وەزارەتەکان بەهەڕەمەکییانە کاریان کردووە**

**کێ لە دانانی ستراتیژییەتێ بۆ پەرەپێدانی نیشتمانی بەرپرسە، داخۆ وەزیری پلاندانان و دامودەزگا هونەرییەکانی نییە؟**

**وەزیری پلاندانان پیاوێکی پسپۆر زانی ئابوورییە پێویستە ئاگای لە ئەرکە ئابووری و هونەرییەکانی خۆی بێت**